دامەزراوەی ڤــیژن
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی

# دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# (VFSS)

**زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)**

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-006

جۆری بڵاوکراوە: پۆڵسی پەیپەر

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

بەرواری بڵاوکردنەوە :ئابی ٢٠٢٦

## پاراستن و بەڕێوەبردنی بەردەوامی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان

### پارێزگای سلێمانی وەک نموونەی شیکاری و نەخشەڕێگای جێبەجێکردن

توێژەر:

د. دیدار عەبدولکەریم

**زانیاری بڵاوکراوە**

## پاراستن و بەڕێوەبردنی بەردەوامی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان

### پارێزگای سلێمانی وەک نموونەی شیکاری و نەخشەڕێگای جێبەجێکردن

دامەزراوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەشی توێژینەوەکان

زنجیرە: زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-006

جۆری بڵاوکراوە : پۆڵسی پەیپەر

زمان :کوردی (سۆرانی)

یەکەم چاپ :ئابی ٢٠٢٦

ISSN: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

www.visionfoundationiq.org

info@visionfoundationiq.org

**مافی لەبەرگرتن**

Copyright © 2026
Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS)
هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە نابێت بەبێ مۆڵەتی پێشووی دامەزراوەی ڤیژن لەبەر بگیرێت یان بڵاو بکرێتەوە.

**ئاگادارکردنەوە**

ئەو بۆچوون، شیکاری، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون تەنها بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە و پێویست نییە ڕەنگدانەوەی فەرمی دامەزراوەی ڤیژن بن.

**شێوازی ئاماژەپێدان**

دیدار (٢٠٢٦).

**پاراستن و بەڕێوەبردنی بەردەوامی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان**

**پارێزگای سلێمانی وەک نموونەی شیکاری و نەخشەڕێگای جێبەجێکردن**

Vision Foundation Research and Policy Series (VFRPS)

VFSS-PP-2026-006
Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS). Sulaymaniyah, KRG

DOI:   لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

## پوختە

دارستانەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا بەشێک نین لە دیمەنی سروشتیی هەرێم، بەڵکو سامانێکی ستراتیژیین کە مانەوەی ئاو و خاک، هاوسەنگیی ژینگە، فرەچەشنیی زیندەیی، کشتوکاڵ و گەشتیاری بە بوونیانەوە گرێ دراون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم سامانە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەژێر گوشارێکی بەردەوامدا بووە. سەرچاوە و هەڵسەنگاندنە جیاوازەکان پاشەکشەی بەرچاوی ڕووبەری دارستانەکان نیشان دەدەن و هەندێکیان ئەم پاشەکشەیەیان بە نزیکەی ٥٠٪ خەمڵاندووە. ئەم دۆخە، لە تەنیشت زیادبوونی ئاگرکەوتنەوە، بڕینەوەی نایاسایی، وشکەساڵی و گوشارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرسی دارستان لە کێشەیەکی ژینگەیی سنووردار تێپەڕیوە و بووەتە پرسێکی پەیوەست بە ئاسایشی سەرچاوە سروشتییەکان و بەرژەوەندیی درێژخایەنی هەرێم.

داتاکانی ئاگرکەوتنەوە قەبارەی ئەم گوشارە بە ڕوونی پیشان دەدەن. شیکاریی داتای مۆدیس (MODIS) بۆ ماوەی ٢٠٠١–٢٠٢٤، تێکڕای ساڵانەی ٦٨٧ کیلۆمەتر دووجا ڕووبەری سووتاو لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکات؛ کۆی ڕووبەری تۆمارکراوی سووتاو لە ماوەی ٢٤ ساڵدا گەیشتووەتە ١٦,٤٨٦ کیلۆمەتر دووجا، کە ٨,٥٤٢ کیلۆمەتر دووجای پەیوەست بووە بە دارستانەکانەوە. ئەم ژمارەیە کۆی ڕووداوەکانی سووتان لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا پیشان دەدات، نەک ڕووبەری دارستانی جیاواز کە بە یەکجاری لەناوچووە؛ چونکە هەمان ناوچە دەکرێت لە ساڵانی جیاوازدا دووبارە تووشی ئاگر ببێتەوە.

بەڵام ئاگر تەنیا بەشێکە لە کێشەکە. بڕینەوەی نایاسایی دار، بەرهەمهێنان و بازرگانیی خەڵووز، دەستکاریی بەکارهێنانی زەوی و گوشارە مرۆییەکان، لەگەڵ وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، هەڕەشەکانی بەردەم دارستانەکان قووڵتر دەکەنەوە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر لە ٦٣ هەزار درەخت بە نایاسایی بڕاونەتەوە. لە هەمان کاتدا، شیکارییەکانی ئەم «پۆڵسی پەیپەر»ە پەیوەندیی نێوان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، وشکەساڵی و زیادبوونی ڕووبەری سووتاو دەخەنە ڕوو. کۆبوونەوەی ئەم هۆکارانە واتای ئەوەیە کە ئەگەر شێوازی بەڕێوەبردن نەگۆڕدرێت، پاراستنی دارستان لە ساڵانی داهاتوودا ئەرکێکی قورستر و تێچووبەرزتر دەبێت.

هەنگاوی گرنگ بۆ وەڵامدانەوە بەو مەترسییانە هەڵگیراوە. پۆلیسی دارستان و ژینگە، بەرگریی شارستانی و دامەزراوە حکوومییە پەیوەندیدارەکان لە کۆنترۆڵکردنی ئاگر، دروستکردنی ئاگربڕ، چاودێری، ڕێگریکردن لە بڕینەوەی نایاسایی و چاندنەوەدا کاریان کردووە. تاکو ئێستا نزیکەی ٣٤ کیلۆمەتر دووجا ئاگربڕ دروست کراوە. ئەم هەنگاوانە گرنگن، بەڵام بەڵگەکانی ئەم نەخشە ڕێگایە نیشانی دەدەن کە بە تەنیا ناتوانن وەڵامی قەبارە و سروشتی کێشەکە بدەنەوە.

کەلێنی سەرەکی لە نەبوونی بەستنەوەی پێشگیری، چاودێری، وەڵامدانەوە، جێبەجێکردنی یاسا و بوژاندنەوە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا دەبینرێت. سیستەمی ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر وەڵامدانەوەی پاش ڕوودان دامەزراوە. هەرچەندە نزیکەی ٧٠٪ی ئاگرەکانی ساڵی ٢٠٢٤ کۆنترۆڵ کراون، ئەو بەشەی کۆنترۆڵ نەکراوە توانیویەتی زیانی بەرچاو دروست بکات. ئەمە خاڵی سەرەکیی ئەم پۆلسی پەیپەرەیە: سەرکەوتن تەنیا بە توانای کوژاندنەوەی ئاگر ناپێورێت، بەڵکو بە توانای ڕێگریکردن لە گۆڕانی مەترسی بۆ زیان دەپێورێت.

لەبەر ئەوە، گۆڕانی پێویست تەنیا زیادکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە، دروستکردنی ئاگربڕی زیاتر یان چاندنی نەمامی زیاتر نییە. ئەمانە هەموویان پێویستن، بەڵام دەبێت لە ناو سیستەمێکی بەڕێوەبردنی مەترسیدا کار بکەن. داتای سەتەلایت و «جی ئای ئێس (GIS) «دەتوانێت ناوچە مەترسیدارەکان پێشوەخت دیاری بکات؛ ئاگربڕ، سەرچاوەی ئاو و تیمەکانی وەڵامدانەوە دەتوانرێت بەپێی ئاستی مەترسی دابەش بکرێن؛ چاودێریی یاسایی دەتوانێت لە تاکە ڕووداوی بڕینەوە تێپەڕێت و زنجیرەی گواستنەوە و بازاڕی دار و خەڵووز بگرێتەوە؛ بوژاندنەوەش دەتوانێت لە ژمارەی نەمامی چێنراو تێپەڕێت و بە مانەوە و گەشەی دارەکان و گەڕانەوەی توانای ئیکۆسیستەم بپێورێت.

ئەم گۆڕانە پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەکی نوێ نییە، بەڵکو پێویستی بە یەکخستنی بەرپرسیارێتییە هەنووکەییەکان، دیاریکردنی پێشینەکان بە پشتبەستن بە داتا و دروستکردنی میکانیزمێکی ڕوون بۆ هەماهەنگی و لێپرسینەوە هەیە. یاسا و ڕێنمایی بە تەنیا ناتوانن دارستان بپارێزن ئەگەر چاودێری، جێبەجێکردن، داتا و بەرپرسیارێتیی دامەزراوەیی بە یەکەوە نەبەسترێن. لە هەمان کاتدا، پاراستنی دارستان دەبێت لە بودجەی گشتی و پلاندانانی حکوومەتدا وەک وەبەرهێنانێکی درێژخایەن لە سەرچاوە سروشتییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەک تەنیا وەک خەرجییەکی فریاگوزاری پاش ڕوودانی زیان.

بۆ گواستنەوەی ئەم ئاراستەیە بۆ جێبەجێکردن، ئەم هەنگاوە نەخشەڕێگایەکی سێ ساڵە دەخاتە ڕوو. دەستپێک بە دامەزراندنی داتای بنەڕەتی، نەخشەی مەترسی و سیستەمی چاودێری دەبێت؛ پاشان سەرچاوە و تواناکان بەپێی پێشینە و ئاستی مەترسی ئاراستە دەکرێن، و لە قۆناغی دواتردا ئەنجامەکان بە داتای سەتەلایت، تۆمارە فەرمییەکان و پێوەرە دیاریکراوەکانی سەرکەوتن هەڵسەنگێندرێن. بەم شێوەیە، بڕیار لەسەر بنەمای ژمارەی چالاکییە ئەنجامدراوەکان نادرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانەی لە مەیداندا بەدی هاتووە.

کۆتاییی ئەم شیکارییە ئەوە نییە کە لە هەرێمی کوردستان هیچ کارێک بۆ دارستان نەکراوە؛ بە پێچەوانەوە، هەنگاو هەیە و توانای دامەزراوەییش هەیە. کێشە ئەوەیە ئەم هەوڵانە پێویستیان بە یەک ئاراستە، یەک بنەمای داتا و یەک چوارچێوەی هەڵسەنگاندن هەیە. ئەگەر ئەمە بکرێت، پاراستنی دارستان

له کۆمەڵێک وەڵامدانەوەی جیاواز بە ڕووداوەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سیاسەتێکی بەردەوامی بەڕێوەبردنی سامانێکی نیشتمانی.

## Executive Summary

The forests of the Kurdistan Region are more than a defining feature of its natural landscape; they are a strategic natural asset with direct implications for water and soil conservation, ecological balance, biodiversity, agriculture, and tourism. Yet over the past several decades, this resource has come under sustained pressure. Available sources and assessments point to a substantial decline in forest cover, with some estimates placing the loss at approximately 50%. Combined with the increasing incidence of forest fires, illegal logging, drought, and the growing effects of climate change, this decline indicates that forest degradation can no longer be treated as a narrowly environmental concern. It has become an issue of natural-resource security with long-term implications for the Kurdistan Region.

Fire data illustrate the scale of this pressure. Analysis of MODIS data for 2001–2024 shows an average annual burned area of approximately 687 km² across the Kurdistan Region. Over the 24-year period, the cumulative recorded burned area reached 16,486 km², of which 8,542 km² was associated with forest areas. This figure represents the cumulative area affected by fire events during the study period and should not be interpreted as 8,542 km² of distinct forest permanently lost, as the same area may have burned more than once in different years.

Fire, however, is only one part of the problem. Illegal logging, charcoal production and trade, changes in land use, and wider human pressures are compounding the effects of drought and rising temperatures. More than 63,000 trees were cut illegally in 2024 alone, reports say. At the same time, the analysis presented in this policy paper points to a relationship between rising temperatures, drought conditions, and increases in burned area. Taken together, these pressures suggest that without a change in the current approach to forest management, protecting the region's forests is likely to become increasingly difficult and costly in the years ahead.

Important measures have already been taken. The Forest and Environment Police, Civil Defense, and other relevant government institutions have worked to control fires, make

firebreaks, strengthen monitoring, combat illegal logging, and support reforestation. To date, some 34 $km^2$ of firebreaks have been established. These interventions are important and show that there is institutional capacity. However, the evidence presented in this policy paper suggests that individual interventions, on their own, are insufficient to meet the scale and interconnectedness of the challenge.

The missing critical link is an integrated framework connecting prevention, monitoring, emergency response, law enforcement, and forest restoration. The current system is still very much in a reactionary space after an incident has happened. While nearly 70% of the fires detected in 2024 were controlled, those that were not still inflicted significant damage. The central argument of this policy paper is therefore that success should not be measured solely by the capacity to extinguish fires but by the capacity to prevent risks from developing into damage.

The required shift is consequently broader than increasing the number of firefighting vehicles, expanding firebreaks, or planting more trees. All of these measures remain necessary, but they need to operate within an integrated risk-management system. Satellite and Geographic Information System (GIS) data can be used to identify high-risk areas in advance. Then firebreaks, water, equipment, and response teams will be deployed based on the levels of risk that are determined. Law enforcement should also be expanded to include the transport and market chains of timber and charcoal, not just individual cases of illegal tree cutting. Similarly, forest restoration should be about survival, growth, and recovery of ecosystem functions, not the number of seedlings planted.

Such a change does not necessarily mean the creation of a new institution. Rather, it calls for a more effective integration of existing responsibilities, clearer priorities set on the basis of reliable data, and established mechanisms for coordination and accountability. But laws and regulations, by themselves, are not enough to protect forests without effective monitoring, enforcement, information systems, and clearly assigned institutional responsibilities. Forest protection should also be reflected in public budgeting and government planning as a long-term investment in the region's natural assets, not primarily as an emergency expenditure once damage has happened.

To translate this approach into practice, the policy paper proposes a 3-year roadmap. The first stage is dedicated to baseline data generation, risk mapping, and an integrated monitoring system. The next step is the allocation of resources and institutional capacities based on the identified priorities and levels of risk. “Then progress is tracked using satellite data, official records, and specific performance indicators. This approach would allow policy performance to be judged by measurable changes on the ground rather than simply by the number of activities implemented.

The analysis does not suggest that the Kurdistan Region has failed to act. On the contrary, important measures have been undertaken, and relevant institutions possess valuable experience and capacity. The central challenge is that these efforts require a common direction, a shared evidence base, and a unified framework for implementation and evaluation. Bringing these elements together would allow forest protection to move beyond a series of separate responses to individual incidents and towards a sustained policy for managing and protecting a strategic natural asset.

For decision-makers, the strategic choice is clear: forest management in the Kurdistan Region needs to shift from managing damage after it occurs to managing risk before damage occurs through an integrated system that connects data, prevention, law enforcement, emergency response, restoration, and measurable results.

## الملخص التنفيذي

غابات إقليم كردستان ليست مجرد جزء من الطبيعة التي يتميز بها الإقليم، بل هي ثروة ترتبط بالمياه والتربة والتنوع البيولوجي والزراعة والسياحة، ولها أهمية مباشرة لمستقبل الموارد الطبيعية في الإقليم. لكن خلال العقود الماضية تعرضت هذه الغابات لضغوط مستمرة، وهناك تقديرات تشير إلى تراجع مساحاتها بشكل كبير، يصل في بعض التقديرات إلى نحو 50%. ومع تكرار الحرائق، والقطع غير القانوني للأشجار، والجفاف، وارتفاع درجات الحرارة، أصبح من الصعب التعامل مع ملف الغابات على أنه موضوع بيئي فقط. القضية اليوم أوسع من ذلك، وتمس أمن الموارد الطبيعية ومصلحة الإقليم على المدى البعيد.

الأرقام توضح حجم المشكلة. تحليل بيانات MODIS بين عامي ٢٠٠١ و٢٠٢٤ يشير إلى أن متوسط المساحات المحروقة في إقليم كردستان بلغ نحو ٦٨٧ كيلومتراً مربعاً سنوياً. وخلال هذه السنوات بلغ مجموع المساحات المسجلة كمساحات محروقة ١٦,٤٨٦ كيلومتراً مربعاً، منها ٨,٥٤٢ كيلومتراً مربعاً مرتبطة بمناطق الغابات. وهذا لا يعني أن الإقليم خسر ٨,٥٤٢ كيلومتراً مربعاً من الغابات بصورة نهائية،

لأن بعض المناطق تعرضت للحريق أكثر من مرة وفي سنوات مختلفة. هذه نقطة مهمة عند قراءة الأرقام وتقدير حجم الخسائر الفعلية.

والحرائق ليست وحدها مصدر الخطر. هناك قطع غير قانوني للأشجار، وإنتاج الفحم والاتجار به، وتغير في استخدامات الأراضي، إلى جانب ضغوط بشرية أخرى. وفي عام ٢٠٢٤ وحده تم قطع أكثر من ٦٣ ألف شجرة بصورة غير قانونية. وعندما تضاف هذه الضغوط إلى الجفاف وارتفاع درجات الحرارة، تصبح الغابات أكثر عرضة للحرائق والتدهور. كما أن البيانات التي تناولتها هذه الورقة تبين وجود علاقة بين ارتفاع درجات الحرارة والجفاف وزيادة المساحات المحروقة. وإذا بقي أسلوب الإدارة كما هو، فإن حماية الغابات ستكون أصعب وأكثر كلفة في السنوات المقبلة.

هذا لا يعني أن الجهات الحكومية لم تتحرك. هناك عمل قامت به شرطة الغابات والبيئة والدفاع المدني والجهات الأخرى المعنية، سواء في إخماد الحرائق أو إنشاء الخطوط العازلة أو المراقبة أو مواجهة القطع غير القانوني أو التشجير. وتم حتى الآن إنشاء نحو ٣٤ كيلومتراً مربعاً من الخطوط العازلة للحرائق. هذه جهود مهمة ويجب البناء عليها، لكن المشكلة أن كل إجراء منها، إذا بقي منفصلاً عن الآخر، لن يكون كافياً أمام حجم التحدي.

هنا تحديداً تظهر الفجوة الأساسية. لدينا جهود للوقاية، وجهود للمراقبة، واستجابة للحرائق، وقوانين، وحملات للتشجير، لكن المطلوب هو أن تعمل هذه الجهود ضمن نظام واحد. الأسلوب الحالي ما زال يعتمد بدرجة كبيرة على التحرك بعد وقوع الحريق أو الضرر. صحيح أن نحو ٧٠٪ من حرائق عام ٢٠٢٤ تمت السيطرة عليها، لكن الجزء الذي لم تتم السيطرة عليه تسبب بخسائر كبيرة. لذلك فإن نجاح سياسة حماية الغابات لا يجب أن يقاس فقط بعدد الحرائق التي تم إخمادها، وإنما بقدرة المؤسسات على منع الخطر من أن يتحول إلى ضرر من الأساس.

ومن هنا، لا ترى هذه الورقة أن الحل يكمن فقط في زيادة عدد سيارات الإطفاء أو إنشاء المزيد من الخطوط العازلة أو زراعة أعداد أكبر من الأشجار. هذه كلها ضرورية، لكنها جزء من الحل وليست الحل كله. المطلوب هو الانتقال إلى إدارة تعتمد على تقدير المخاطر قبل وقوعها. يمكن استخدام بيانات الأقمار الصناعية ونظم المعلومات الجغرافية (GIS) لمعرفة المناطق الأكثر عرضة للحرائق، ثم توجيه فرق الاستجابة ومصادر المياه والمعدات والخطوط العازلة بحسب مستوى الخطر في كل منطقة.

وينطبق الأمر نفسه على القطع غير القانوني. ضبط عملية قطع الأشجار وحدها لا يكفي إذا بقيت عملية النقل والبيع وسوق الأخشاب والفحم خارج المتابعة. وكذلك الحال بالنسبة للتشجير؛ فزراعة آلاف الشتلات لا تعني بالضرورة نجاح عملية إعادة التأهيل. الأهم هو معرفة كم منها بقي حياً بعد سنة أو سنتين، وكيف نما، وهل بدأت المنطقة المتضررة تستعيد وضعها البيئي أم لا.

ولا يحتاج هذا التغيير بالضرورة إلى تأسيس مؤسسة جديدة. في الأساس، هناك مؤسسات قائمة ومسؤوليات موزعة بينها. المطلوب هو تنسيق أفضل، وتحديد أوضح للمسؤوليات، وقاعدة بيانات يمكن

للجميع الاعتماد عليها، وآلية متابعة تبين من المسؤول عن ماذا وما الذي تحقق فعلياً. فالقانون مهم، لكنه لن يكون كافياً من دون مراقبة وتنفيذ ومحاسبة. كما أن حماية الغابات لا ينبغي أن تبقى مرتبطة فقط بموسم الحرائق أو بموازنات الطوارئ، بل يجب أن تدخل ضمن التخطيط والموازنة باعتبارها استثماراً طويل الأمد في موارد الإقليم.

وعلى هذا الأساس، تقترح الورقة خارطة طريق لثلاث سنوات. في البداية، هناك حاجة إلى تثبيت خط أساس واضح للبيانات، وتحديد مناطق الخطر، وبناء نظام متابعة يمكن الاعتماد عليه. بعد ذلك يمكن توجيه الموارد والإمكانات إلى المناطق التي تحتاجها فعلاً بحسب درجة الخطورة والأولوية. وفي مرحلة لاحقة، يتم تقييم النتائج من خلال بيانات الأقمار الصناعية والسجلات الرسمية ومؤشرات واضحة. المهم هنا أن لا نقيس النجاح بعدد الاجتماعات أو الحملات أو الأشجار المزروعة فقط، وإنما بما تغير فعلياً على الأرض.

الخلاصة ليست أن إقليم كردستان يبدأ من الصفر. هناك مؤسسات تعمل، وهناك خبرة وجهود وإجراءات قائمة. ما ينقص هو أن تتحرك هذه الجهود في اتجاه واحد، وأن تستند إلى قاعدة بيانات مشتركة، وأن تكون هناك طريقة واضحة لقياس النتائج والمساءلة عنها. عندها يمكن الانتقال من التعامل مع كل حريق أو حالة قطع أشجار كحادثة منفصلة، إلى إدارة الغابات كملف مستمر يتعلق بحماية ثروة طبيعية مهمة للإقليم.

أما بالنسبة لصانع القرار، فالمسألة في جوهرها بسيطة وواضحة: المطلوب أن ننتقل من التعامل مع الضرر بعد وقوعه إلى إدارة الخطر قبل أن يتحول إلى ضرر. وهذا هو التحول الذي يجب أن تبنى عليه سياسة حماية الغابات في السنوات المقبلة.

**پێشەکی**

دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی تەنیا ڕووبەرێکی سەوز نین، بەڵکو بڕبڕەی پشتی هاوسەنگیی ژینگەیی ناوچەکەن. سەرەڕای ئەم گرنگییە ستراتیجییە، ئەم سامانە نیشتمانییە لەبەردەم شاڵاوی سووتان، بڕینەوەی نایاسایی، گەشەی بێپلانی شارسازی و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا تووشی گرفت بووە. سەرچاوە و هەڵسەنگاندنە جیاوازەکان ئاماژە بە پاشەکشەی بەرچاوی ڕووبەری دارستانەکانی هەرێمی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەکەن؛ هەندێک لەو هەڵسەنگاندنانە ئاستی ئەم پاشەکشەیەیان بە نزیکەی پەنجا لەسەد خەمڵاندووە، و ساڵانەیش ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە بە شێوەیەکی مەترسیدار پەرە دەستێنن؛ ئەمە ئاگادارکەرەوەیەکی ڕوونە کە ژینگەی کوردستان بەرەو داڕمان دەڕوات.

ئەم نەخشەڕێگایە بە مەبەستی گۆڕینی ئاراستەی پاراستنی دارستانەکان لە گوتاری ڕووکەشییەوە بۆ بەرنامەی کردەیی و کارپێکراو داڕێژراوە. چارەسەرەکان لەم نەخشەڕێگایەدا لەسەر پێنج پایەی سەرەکی بنیات نراون: سەروەریی یاسا، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ چاودێری، وەڵامدانەوەی خێرای ئاگرەکان، گێڕانەوەی بژێوی بۆ گوندنشینان، و تەرخانکردنی بودجەی دیاریکراو لەلایەن کەرتی گشتی و تایبەتەوە.

ئامانجی ئەم پلانە ئەوەیە سیستەمێکی خاوەندارێتیی دامەزراوەیی دروست بکات کە تێیدا پێوەرەکانی سەرکەوتن (Key Performance Indicators) و هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ، ڕێگەی گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی یاسادا بگرن. پێشنیارەکان بە قۆناغبەندی خراونەتە ڕوو تا لەگەڵ توانای کارگێڕیی هەرێم بگونجێن. لە کۆتاییدا، پاراستنی دارستانەکان تەنیا پرسێکی ژینگەیی نییە، بەڵکو پاراستنی ناسنامەی کولتووری و ئاسایشی تەندروستیی نەوەکانی داهاتوومانە.

## ١ .چوارچێوەی گشتی

### ١.١ پێناسەی کێشە

### هەڕەشە ژینگەییەکان لەسەر دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی

دارستانەکانی سلێمانی، بەتایبەتی زنجیرە چیاکانی گۆیژە، ئەزمەڕ، پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر و قەرەداغ، کە بە ڕاستی دەبێت وەک سییەکانی ئەم شارە سەیریان بکەین، ئەمڕۆ کەوتوونەتە بەر شاڵاوی مەترسییەکی بەردەوام. ئەم هەڕەشانە تەنیا ڕووبەری سەوزاییان سنوردار نەکردووە، بەڵکو بوونەتە مۆتەکەیەک بۆ گیانلەبەران و فرەچەشنیی زیندەیی ناوچەکەشمان خستووەتە بەردەم هەڕەشەیەک کە ڕەنگە چیتر نەتوانین قەرەبووی بکەینەوە

**١ .ئاگرکەوتنەوە (سووتانی دارستان):**

ئاگرکەوتنەوە یەکێکە لە دیارترین مەترسییەکان لەسەر دارستانەکان .بەڵگەی نوێی توێژینەوەیی نیشان دەدات کە ڕووبەری سووتاو لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠٠١–٢٠٢٤ گۆڕانی زۆری هەبووە و ڕێڕەوی زیادبوونی هەیە؛ هەروەها گەرمای زۆر و وشکەساڵی لە هۆکارە گرنگەکانی زیادبوونی مەترسیی ئاگرن (Rasul & Zahir, 2025).لەبەر ئەوە، سیاسەت نابێت تەنیا لە کاتی ڕوودانی ئاگر وەڵام بداتەوە، بەڵکو پێویستە لەسەر پێشبینیکردن، ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، کەمکردنەوەی مەترسی و وەڵامدانەوەی خێرا بنیات بنرێت.

**٢ .بڕینەوەی نایاسایی دار:**

بڕینەوەی نایاساییی دار، یەکێکە لە هەڕەشە ژینگەییە بەرچاوەکان بۆ سەر دارستانەکانی هەرێمی کوردستان. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، بە گوتەی فوئاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگە، زیاتر لە ٦٣ هەزار درەخت بە نایاسایی بڕاونەتەوە (Rudaw English, 2025b). ئەم ئامارە قەبارەی فشاری مرۆیی لەسەر دارستانەکان نیشان دەدات و پێویستیی بە بەهێزکردنی چاودێری، جێبەجێکردنی یاسا و ڕێگریکردن لە بازرگانیی نایاساییی بەرهەمە دارستانییەکان دەردەخات.

یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ بنەمایەکی گرنگی یاسایی بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی دارستانەکانە و ٢٧ ماددەی هەیە .بەڵام بەڵگەکانی ئەم نەخشەڕێگایە نیشان دەدەن کە کێشەکە تەنیا بوونی یاسا نییە؛ جێبەجێکردن، چاودێری، هەماهەنگی دامەزراوەیی و کاریگەریی ڕێگریی سزاکانیش گرنگن (FAOLEX, 2012) .

**٣ .شارسازی و فراوانبوونی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون:**

بەدەر لە دیاردەی ئاگرکەوتنەوە و بڕینەوەی دار، هەڕەشەیەکی دیکە بە هێواشی سەوزایی پارێزگاکەمان دەخوات؛ ئەویش فراوانبوونی بێپلان و ناتەندروستی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و وەبەرهێنانە لەسەر بناری چیای گۆیژە و ئەزمەڕ. ئەو شوێنانەی ڕۆژگارێک سێبەری ژیانی شارەکە بوون، ئێستا بوونەتە قوربانیی کۆنکرێت و بەرد. سەرەڕای ئەوەی ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە و شارەوانیی سلێمانی بە ڕوونی جەخت

لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت ٢٥٪ـی ڕووبەری هەر پڕۆژەیەک بۆ سەوزایی تەرخان بکرێت (Gov.krd, 2025a; Channel8, 2024)، بەڵام لە واقیعدا ئەم ڕێژەیە زۆرجار تەنیا وەک ژمارەیەک لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و لە کاتی جێبەجێکردندا پشتگوێ دەخرێت، یان بە جۆرێک دەکرێت کە هیچ خزمەتێک بە هاوسەنگیی ژینگەیی ناکات.»

**٤ .ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان:**

لە ناوچە سنوورییەکاندا، ململانێ و چالاکییە سەربازییەکان دەتوانن مەترسیی ئاگر، زیان بە ڕووبەری دارستان و سنووردارکردنی دەستگەیشتن بۆ وەڵامدانەوەی ئاگر زیاد بکەن .لەبەر هەستیاریی بابەتەکە، پێویستە هەر ژمارەیەکی دیاریکراوی زیان تەنیا کاتێک لە سیاسەتەکەدا بەکاربهێنرێت کە بە سەرچاوەی ڕوون و پشکنراو پشتگیری کرابێت.

دووبارەبوونەوەی ئاگر لە شاخی گۆیژە و ناوچەکانی دەوروبەر، پێویستی بە سیستەمێکی بەردەوامی پێشبینی، ئاگادارکردنەوە و وەڵامدانەوە دەخاتەڕوو .لە سیاسەتی نوێدا، هەر ڕووداوێک دەبێت وەک بەڵگەی فێربوون بەکاربهێنرێت و داتای شوێن، کات، هۆکار، ڕووبەری زیان و کاتی وەڵامدانەوە لە تۆمارێکی یەکگرتوودا کۆبکرێتەوە.

**٥ .گۆڕانی کەشوهەوا:**

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا چیتر تەنیا پێشبینی نین، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکین لە پاشەکشەی گەشەی دارستانەکانماندا. کەمبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین و بەرزبوونەوەی بەرچاوی پلەکانی گەرما، بە جۆرێک هاوسەنگیی ژینگەیی تێکداوە کە لەساڵی ٢٠٢٥دا، وشکەساڵی بووەتە هۆی وشکبوون یان کەمبوونەوەی ئاوی زۆربەی بیرەکان لە ناوچە دەوروبەر و ناو شاری سلێمانیدا(Shafaq News, 2025b) .

توێژینەوەی Rasul & Zahir (2025) ڕێڕەوی پەرەسەندنی ڕووبەری سووتاو لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی گەرمای تاقەتپڕوکێن و وشکەساڵی لە ماوەی نێوان ٢٠٠١ بۆ ٢٠٢٤ دەستنیشان دەکات. ئەم دەرەنجامانە بۆ پشتیوانیکردنی ئاراستەی نەخشەڕێگاکە بەکار دەهێنرێن.

### ١.٢ گرنگی و ڕۆڵی دارستانەکانی سلێمانی

**دارستانەکانی سلێمانی چەندین ڕۆڵی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە دەگێڕن:**

دارستانەکان ڕۆڵێکی بێهاوتا لە ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاوی باران، بەرگرتن لە ڕماڵینی خاک، پاراستنی توێژە بەپیتەکانی زەوی و ئاوی ژێرزەویدا دەگێڕن. هەر بۆیە لەناوچوونیان دەبێتە هۆی هەڵکشانی مەترسیی داخورانی خاک  و لافاو، هاوکات توانای خۆژیناندنەوەی سیستەمی ژینگەیی لاواز دەکات. لە ڕوانگەی داڕشتنی سیاسەتی گشتیدا، پشتڕاستکردنەوەی ژمارە و ئامارەکان تەنیا کاتێک جێگەی متمانەن کە سەرچاوە و میکانیزمی هەڵسەنگاندنەکەیان بە ڕوونی ئاشکرا کرابێت.

دارستانەکان بەهۆی توانایان لە هەڵمژینی کاربۆن و پاشەکەوتکردنی کاربۆن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان، بەردی بناغەی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوان. حکوومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٥دا ڕای گەیاند کە ڕێژەی سەوزایی لە ١٥٪ـەوە بۆ زیاتر لە ١٨٪ بەرز بووەتەوە و پڕۆژەی پشتێنەی سەوزی هەولێریش بە ئامانجی چاندنی حەوت ملیۆن نەمام ڕاگەیەندراوە .(KRG, 2025) لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ دیاریکردنی بەهای داراییی کاربۆن، پێویستە هەڵسەنگاندنی دارستانەکانی سنووری سلێمانی لەسەر بنەمای داتای خۆماڵی، خۆبەدوورگرتن لە دووبارەژمێری و بەکارهێنانی پێوەرە ستانداردەکانی (Intergovernmental Panel on Climate Change)ئەنجام بدرێت.

دارستانەکانی سلێمانی پەناگەی فرەچەشنییەکی زۆری ژینگەین؛ بۆیە پاراستنی جۆرە ڕەسەنەکان دەبێت لە ناوەڕۆکی هەر بەرنامەیەکی بوژاندنەوەدا بێت. لە پڕۆژەکانی دووبارە سەوزکردنەوەدا، پێویستە هەڵبژاردنی تۆو و نەمام لەسەر بنەمای گونجاویی خاک، کەشوهەوا و ڕەسەنبوونی جۆرەکان بێت. هەروەها پێویستە پێوەری سەرکەوتنی پڕۆژەکان، نەک تەنیا لەسەر بنەمای ژمارەی نەمامە چێنراوەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕێژەی مانەوە و گەشەی درێژخایەنی دارەکان دابنرێت

**داهات و ئاسایشی ئابووریی گوندنشینان:**

دارستانەکان لە کولتووری ئابووریی ناوچەکەدا، تەنیا وەک سەرچاوەی خاوی سروشتی سەیر ناکرێن، بەڵکو بڕبڕەی پشتی بژێوی و مانەوەی هەزاران خێزانی گوندنشینن. کاتێک بە وردی لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ژینگە لە زاگرۆسدا دەڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە پاراستنی ئەم دارستانانە، لە ڕاستیدا پاراستنی جۆرێک لە ئابووریی سەقامگیرە کە ڕێگرە لە تێکچوونی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی. هەر پاشەکشەیەک لە ڕووبەری دارستانەکان، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پەرەسەندنی بێکاری و ناچاریی کۆچکردن بۆ ناو شارەکان، کە ئەمەش تێچوویەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆر قورسی لەسەر شانی حکومەت و ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان دروست دەکات. کەواتە، پاراستنی دارستان ئەرکێکی تەشکیلاتی نییە، بەڵکو پاراستنی ئاسایشی ئابووریی کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانە.

**ناسنامەی کولتووری و ئاسۆی گەشتیاری:**

دارستانەکان بەشێکی دانەبڕاوی ناسنامەی جوگرافی و مێژوویی ئێمەن. کاتێک لە ئاسۆی گەشتیاریی ژینگەدۆست (Ecotourism) دەڕوانین، دەبینین دارستانەکان گەورەترین سەرمایەی سروشتیی ئێمەن بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری. پاراستنی ئەم دیمەنانە، تەنیا ڕاگرتنی دیمەنێکی جوان نییە، بەڵکو پارێزگاریکردنە لەو ناسنامە کولتوورییەی کە کوردستان بە جیهان دەناسێنێت. لەدەستدانی ئەم سامانە، مانای لەدەستدانی ئەو هەلە ستراتیجییەیە کە دەتوانێت ببێتە بزوێنەری ئابوورییەکی بەردەوام و کەمتر پشت بەستوو بە داهاتە نەگۆڕەکان.

**تەندروستیی گشتی و ڕەهەندی ژیانی:**

دارستانەکان وەک سیستەمێکی تەندروستیی گشتی لە ئاستی نیشتمانیدا ڕۆڵ دەبینن. کردەی پاککردنەوەی هەوا و دابینکردنی ئۆکسجین، بەهایەکی ژیانیی هەیە کە لە هیچ بەهاپێوانەیەکی ئابووریدا کۆ ناکرێتەوە. بەپێی توێژینەوە ژینگەییەکان، هەر درەختێک بەشێوەیەکی سروشتی هاوسەنگیی بۆ هەوا دابین دەکات. کەواتە، لەناوبردنی ڕووبەری دارستانەکان، لەناوبردنی ئەو ئامێرە سروشتییەیە کە پیسبوونی

ژینگە دەپاڵێوێت. دارستانەکان سەرچاوەی سەرەکیی پاکژکردنەوەی هەوا و تەندروستیی کۆمەڵگەن؛ لەم سۆنگەیەوە، پاراستنیان لە بنەڕەتدا پاراستنی تەندروستیی تاک و کۆمەڵگەیە و دەبێت وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی لە داڕشتنی سیاسەتی نیشتمانیدا جێگیر بکرێت.

**ئەم نەخشەڕێگایە بە ئامانجی تێپەڕاندنی قۆناغی گوتاری ژینگەیی و چوونە ناو قۆناغی بەرنامەی کردەیی داڕێژراوە. ئامانجە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و پێویستییە مەیدانییەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێن:**

**١ .هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی**

بە پشتبەستن بە داتا زانستی و ڕاپۆرتە بەردەستەکان(Rasul & Zahir, 2025; Rudaw English, 2025a) ، دارستانەکانی سلێمانی بەهۆی کۆمەڵێک مەترسیی تێکەڵەوە ڕووبەڕووی داڕمانی ژینگەیی بوونەتەوە:

**سوتان و تێکچوونی ژینگەیی:** ئاگرکەوتنەوە تەنیا ڕووداوی لەناکاو نین، بەڵکو دەرەنجامی کەمتەرخەمی و گۆڕانی کەشوهەوان. سووتانی بەردەوامی سەدان دۆنم زەوی لە دەوروبەری سلێمانی، توانای خۆژیناندنەوەی دارستانەکانی لاواز کردووە(Rasul & Zahir, 2025).

**وشکەساڵی:** تێکەڵبوونی گۆڕانی کەشوهەوا و بەکارهێنانی نادروستی زەوی، هاوسەنگیی سروشتیی ناوچەکەی تێکداوە و ڕێگەی لە گەشەکردنەوەی سروشتیی دارستانەکان گرتووە (Shafaq News, 2025b).

**٢ .چارەسەرکردنی بۆشاییە یاسایی و کارگێڕییەکانی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢**

**سەرەڕای ئەوەی یاسای ژمارە (١٠) بنەمایەکی یاساییە، بەڵام لە ئاستی جێبەجێکردندا کەلێنی بەرچاوی هەیە:**

**لاوازیی سزا و دادوەری:** سزاکانی ئێستا وەک ئامرازێکی ڕێگر کار ناکەن؛ بەڵگەکانی توێژینەوە یاساییەکان نیشان دەدەن کە ئەم سزایانە نەبووەتە هۆی کەمبوونەوەی سەرپێچییەکان.(Twejer Journal, 2024)

**سنوورداربوونی توانای جێبەجێکردن:** ناهەماهەنگی لەنێوان توانای مرۆیی، ئامێری چاودێری و فراوانیی ڕووبەری دارستانەکان، بۆشاییەکی گەورەی ئەمنیی ژینگەیی دروست کردووە.(FAOLEX, 2012)

**پەرتبوونی بەرپرسیارێتی:** ناکۆکیی دەسەڵاتی نێوان شارەوانی، کشتوکاڵ و دەستەی ژینگە، وای کردووە بەرپرسیارێتیی یەکگرتوو بوونی نەبێت و وەڵامدانەوە بۆ سەرپێچییەکان خاو بێتەوە.

**٣ .ڕاسپاردە و پێوەری هەڵسەنگاندن(KPI)**

**بۆ بەدیهێنانی پاراستنێکی کاریگەر، ئەم نەخشەڕێگایە هەنگاوەکانی خوارەوە پێشنیار دەکات:**

**بەدیجیتاڵکردنی چاودێری:** دامەزراندنی سیستمی چاودێریی پێشکەوتوو بە بەکارهێنانی سەتەلایت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (Drone) بۆ دۆزینەوەی خێرای مەترسییەکان.

**پێوەری هەڵسەنگاندن:** کەمکردنەوەی ڕووبەری ساڵانەی دارستانە سووتاوەکان بە ڕێژەی لایەنی کەم ٤٠٪ لە ماوەی سێ ساڵدا، بە بەراورد بەو ئامارە بنەڕەتییەی کە لە ساڵی یەکەمی جێبەجێکردندا دەستنیشان دەکرێت.

**بەهێزکردنی جێبەجێکردنی یاسا:** هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ توندکردنی سزاکان و ڕوونکردنەوەی سنووری دەسەڵاتەکان.

**پێوەری سەنگاندن:** زیادکردنی ڕێژەی دۆسیە یاساییە یەکلاییکراوەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی سەرپێچییە دووبارەکان.

**بەشداریکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی:** ڕێکخستنی پاسەوانی دارستان لە گوندەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی چاودێریی بەردەوام و ئاگادارکردنەوەی خێرا.

**پێوەری سەنگاندن:** زیادکردنی ژمارەی ئاگادارکردنەوە پێشوەختەکان و کەمکردنەوەی کاتی گەیشتنی تیمەکان بۆ شوێنی ئاگرەکە.

**کورتەی پلانی جێبەجێکردن و بودجە**

| قۆناغ | ماوەی جێبەجێکردن | لایەنی بەرپرس | سەرچاوەی بودجە | ئەنجامی چاوەڕوانکراو |
|---|---|---|---|---|
| **قۆناغی یەکەم – ڕێکخستن و پێداچوونەوەی یاسایی** | ٦ مانگ | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە هاوکاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکان | بودجەی فەرمانگەیی و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ پاراستنی دارستان | پێداچوونەوەی یاسای ژمارە (١٠) و دیاریکردنی ڕوونی بەرپرسیارێتی و میکانیزمی جێبەجێکردن |
| **قۆناغی دووەم – تەکنەلۆجیا و چاودێری** | ١٢ مانگ | فەرمانگەی دارستان، وەزارەتی شارەوانی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان | بودجەی پرۆژەکانی ژینگە، تەکنەلۆجیا و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان | دامەزراندنی سیستەمی چاودێریی دیجیتاڵ، بەکارهێنانی داتای سەتەلایت و Drone و دروستکردنی بنکەدراوەی دارستانەکان |
| **قۆناغی سێیەم – چاندنەوە و گەڕاندنەوەی دارستان** | ٣–٥ ساڵ | فەرمانگەی دارستان، بە هاوبەشی شارەوانی، دامەزراوەکانی ژینگە و کۆمەڵگەی ناوخۆیی | بودجەی ساڵانەی حکومەت، صندوقی ژینگە و پرۆژەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی | چاندنەوەی ناوچە زیاندراوەکان، کەمکردنەوەی ڕووبەری دارستانە لەناوچووەکان و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی |
| **قۆناغی چوارەم – چاودێری و هەڵسەنگاندن** | بەردەوام | کۆمیتەی هاوبەشی دارستان و ژینگە | بودجەی ساڵانەی حکومەت | بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی دۆخی دارستان و پێوانەکردنی KPI ـەکان |

**١.٣ ڕووبەری دارستان و سەوزایی**

**بەپێی دوایین ڕووپێوی فەرمی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دارستان و پاوانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدراوە، ڕووبەری زەوییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوەیە (Gov.krd, 2025b):**

| جۆری زەوی | ڕووبەر (دۆنم( | ڕێژەی لە کۆی ڕووبەری هەرێم) ٪( |
|---|---|---|
| زەوی کشتوکاڵی باراناوی | ٤,٨٣٣,٤٦٦ | ~١١.٩ |
| زەوی کشتوکاڵی ئاودێری | ١,٣٠٩,٧١٠ | ~٣.٢ |
| پووش و پاوانی سروشتی | ٦,٩٣٧,٧٦٩ | ~١٧.١ |
| دارستانی سروشتی | ٢,٥٠٧,٥٢١ | ~٦.٢ |
| دارستانی دەستکرد | ٣٥,٤٧٢ | ~٠.٠٩ |
| باخی ئاودێری | ١٢١,٥٩٧ | ~٠.٣ |
| باخی باراناوی | ١٣٩,٩٦٧ | ~٠.٣٥ |
| **کۆی گشتی** | **~١٥,٨٨٥,٥٠٠** | **~٤٠.٦ ملیۆن دۆنم** |

لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئاماریی ڕووبەری دارستانەکان

**١. دۆخی دارستان و ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی**

**یەکەم: شیکاریی دۆخی دارستانەکان**

ئەم نەخشەڕێگایە هەوڵ دەدات لە گوتاری تیۆرییەوە بۆ کردەی ئیداری و مەیدانی هەنگاو بنێت. ئامانجە بنەڕەتییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کراون:

**١ .هەڵسەنگاندنی دۆخی دارستانەکان**

**بەپێی سەرچاوە زانستی و ڕاپۆرتەکان(Rasul & Zahir, 2025; Rudaw English, 2025a) ، دارستانەکانی سلێمانی بەهۆی تێکەڵەیەک لە هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە لەبەردەم مەترسیی داڕماندان:**

سووتان و تێکچوونی ژینگەیی: ئاگرکەوتنەوەکان تەنیا ڕووداوی لەناکاو نین، بەڵکو دەرەنجامی کەمتەرخەمی و گۆڕانی کەشوهەوان. لە ماوەی دواییدا سەدان دۆنم زەوی دارستانی لە دەوروبەری سلێمانی لەناوچووە.(Rasul & Zahir, 2025)

وشکەساڵی و بیابانبوون: کەمبوونەوەی بارانبارین و بەکارهێنانی نادروستی زەوی، توانای خۆنوێکردنەوەی دارستانەکانی لاواز کردووە(Shafaq News, 2025b).

فشاری گەشەپێدان: گەشەپێدانی ناڕێکخراو لەسەر بناری چیاکان، ژینگەی سروشتی و پەناگەی گیانلەبەرانی تێکداوە(Rudaw English, 2025a).

٢ .ڕاستکردنەوەی بۆشایی یاسایی و کارگێڕی

**یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ بنەمای یاسایی دابین دەکات، بەڵام لە جێبەجێکردندا تووشی کەموکورتی بووە:**

لاوازیی سزا: سزاکانی ئێستا هێزی ڕێگرییان نییە و نابنە هۆی کەمبوونەوەی سەرپێچییەکان (Twejer Journal, 2024).

سنووردارێی تواناکان: کەمیی کارمەند و ئامێری چاودێری، بەراورد بە فراوانیی ڕووبەری دارستانەکان، ڕێگرە لە جێبەجێکردنی یاسا(FAOLEX, 2012).

نەبوونی یەکێتیی بەرپرسیارێتی: پەرتبوونی ئەرکەکان لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بووەتە هۆی ناهەماهەنگی لە وەڵامدانەوە بۆ سەرپێچییەکان.

### ٣ .ڕاسپاردە و پێوەرەکانی سەنگاندن(KPI)

**بۆ بەهێزکردنی سیستەمی پاراستن، ئەم هەنگاوانە پێشنیار دەکرێن:**

بەدیجیتاڵکردنی چاودێری: بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ چاودێریی بەردەوامی زەوییە دارستانییەکان.

پێوەری سەرکەوتن: کەمکردنەوەی ڕووبەری دارستانە سووتاوەکان بە ٤٠٪ لە ماوەی سێ ساڵدا.

هەمواركردنی یاسایی: پێداچوونەوە بە سزا و بەرپرسیارێتییەکان لە یاسای ژمارە ١٠دا.

پێوەری سەرکەوتن: زیادکردنی ڕێژەی دۆسیە یاساییە یەکلاییکراوەکان و ڕێگریکردن لە سەرپێچییە دووبارەکان.

بەشداریکردنی کۆمەڵگە: ڕێکخستنی پاسەوانی گوندەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی خێرا لە کاتی مەترسی.

پێوەری سەرکەوتن: کەمکردنەوەی کاتی وەڵامدانەوە بۆ ئاگرکەوتنەوەکان.

**دووەم: پێوەری سەنگاندن (KPI) و کات**

**بۆ ئەوەی کارەکانمان بە ئەنجام بگەن، دەبێت ئەم پێوەرانە جێبەجێ بکرێن:**

| پێوەر | ئامانجی درێژخایەن | لایەنی بەرپرس |
|---|---|---|
| **ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی** | زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو، بە پشتبەستن بە داتای سەروەختی و پلانی بەکارهێنانی زەوی | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| **ڕووبەری دارستانە پارێزراوەکان** | پاراستن و گەڕاندنەوەی لانیکەم **٥٠٠ هەزار دۆنم** لە ناوچە دارستانییە زیانداروەکان لە ماوەی ٥ ساڵدا | فەرمانگەی دارستان و دەستەی ژینگە |
| **ڕووبەری دارستانە سووتاوەکان** | کەمکردنەوەی ڕووبەری دارستانە سووتاوەکان بە ٤٠٪ لە ماوەی ٣ ساڵدا | فەرمانگەی دارستان و بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان |
| **جێبەجێکردنی یاسای دارستان** | زیادکردنی ڕێژەی دۆسیە یاساییە یەکلاییکراوەکان و کەمکردنەوەی سەرپێچییە دووبارەکان | وەزارەتی داد و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان |
| **چاودێریی دیجیتاڵی** | دانانی سیستەمێکی یەکگرتووی چاودێریی دارستان بە پشتبەستن بە داتای سەتەلایت، GISوDrone | فەرمانگەی دارستان و دامەزراوەکانی تەکنەلۆجیا |
| **بەشداریکردنی کۆمەڵگە** | دامەزراندن و چالاککردنی تیمەکانی پاسەوانی دارستان لە گوند و ناوچە نزیکەکانی دارستانەکان | فەرمانگەی دارستان و بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان |

**پلانی جێبەجێکردن و پێداویستییەکان**

**بۆ ئەوەی ئەم نەخشەڕێگایە لەسەر کاغەز نەمێنێتەوە و ببێتە بەشێکی کردەیی لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکەدا، پێشنیار دەکەین پلانەکە بەم قۆناغانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:**

**قۆناغەکانی کارکردن:**

هەنگاوی یەکەم (٦ مانگی سەرەتا): پێداچوونەوە بە یاساکان و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان. لەم قۆناغەدا دەبێت ئەو گرێ کوێرانە یاساییانە بکرێنەوە کە ڕێگرن لە سزادانی تاوانباران. دەبێت دیار بێت کێ بەرپرسیارە و دەسەڵاتەکان لە نێوان شارەوانی و کشتوکاڵدا چۆن یەک دەخرێن.

هەنگاوی دووەم (ساڵی یەکەم): دامەزراندنی چاودێریی پێشکەوتوو. پێویستە ناوچە شاخاوییەکان بە ئامێر و تەکنەلۆجیای نوێ چاودێری بکرێن، بۆ ئەوەی چیتر ئاگر لەپاش ئەوەی هەموو شتێکی سووتاند، هەواڵەکەی بە دەستمان بگات.

هەنگاوی سێیەم (دوو ساڵ و زیاتر): بوژاندنەوەی سروشت. چاندنەوەی ملیۆنەها نەمام، بەڵام نەک هەر نەمامێک بێت؛ تەنیا درەختی ڕەسەنی وەک بەڕوو کە لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە گونجاوە.

**تێچوو و هەماهەنگی:**

ئەم کارە بە دەستی بەتاڵ ناکرێت. پێویستە بودجەیەکی تایبەت دابین بکرێت کە سەرچاوەکەی لە باجی ژینگەیی و سزای ئەو کەسانە بێت کە ژینگە دەشێوێنن. گرنگتر لە بودجە، هەماهەنگییە. ئەگەر شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ پێکەوە نەجووڵێنەوە، هەر هەوڵێک کاتی دەبێت و ناتوانین ئەو سەوزاییەی دهۆک کە ڕێژەکەی ٢٧.٦٪ـە، لە سلێمانیدا بەدەستی بهێنین (Rudaw English, 2025c). سلێمانی خاوەنی سروشتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بێ پلان و هەماهەنگی، ئەم سامانە بەردەوام لە پاشەکشەدا دەبێت.

## ١.٤ زیانەکانی دارستان (ئاگرکەوتنەوە و بڕینەوە)

### لەدەستدانی مێژوویی دارستانەکان

بەپێی ئەو داتایانەی گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاکسازیی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کردووە، هەرێمەکەمان لە ماوەی پەنجا بۆ شەست ساڵی ڕابردوودا نزیکەی نیوەی ڕووبەری دارستانەکانی لە دەست داوە (Rudaw English, 2025a). هاوکات ڕووپێوییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقیش دەریدەخەن کە لە هەمان ماوەدا نیوەی دارستانە دەستکردەکان و ٣٠٪ی دارستانە سروشتییەکان لەناو چوونە (Rudaw English, 2024b). نیاز ئیبراهیم، نوێنەری بەرنامەی خۆراکی جیهانی(WFP) ، باس لەوە دەکات کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ٥٠٪ی دارستانەکانی کوردستان فەوتاون (Rudaw English,

.(2025aکاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ئامارەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، دەبینین هەرێم خاوەنی نزیکەی پێنج ملیۆن دۆنم دارستان بووە، کە تەنیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠٢٢دا، نزیکەی یەک ملیۆن دۆنمی بەهۆی جیاوازەوە فەوتاوە(Rudaw English, 2025a).

**شیکاریی ئاماری ئاگرکەوتنەوەکان**

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە داتای MODIS MCD64A1 Version 6.1ـی بۆ ماوەی ٢٠٠١–٢٠٢٤ بەکارهێناوە، زیادبوونێکی بەرچاو لە ڕووبەری سووتاو لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات (Rasul & Zahir, 2025) تێکڕای ساڵانەی ڕووبەری سووتاو لە سەرانسەری هەرێمدا **٦٨٧** کیلۆمەتر دووجا بووە و لە ماوەی ٢٤ ساڵدا کۆی ڕووبەری تۆمارکراوی سووتاو گەیشتووەتە ١٦,٤٨٦ کیلۆمەتر دووجا. لەم کۆیەدا، هەشت هەزار و پێنج سەد و چل و دوو کیلۆمەتری چوارگۆشە، پەیوەست بووە بە دارستانەکانەوە. گرنگە ئەم ژمارەیە وەک کۆی ڕووداوەکانی سووتانی دارستان لە ماوەی بیست و چوار ساڵدا لێک بدرێتەوە، نەک وەک ڕووبەری دارستانی جیاواز کە بە یەکجاری لە ناو چووبێت؛ چونکە ڕەنگە هەمان ناوچە لە ساڵانی جیاوازدا زیاتر لە جارێک سووتابێت.

**ڕووداوە کارەساتبارەکانی ئاگرکەوتنەوە (٢٠٢٤-٢٠٢٦)**

ژینگەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی زنجیرەیەک کارەساتی ژینگەیی بووەتەوە. تەنها لە ساڵی ٢٠٢٥دا، بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٥٤ هەزار دۆنم دارستان، باخ و پووش و پاوان سووتاون .(Rudaw English, 2025a) نموونەی کارەساتبار لە ئابی ٢٠٢٥ لە سنووری هەڵەبجە ڕوویدا؛ ئاگرێک کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، زیاتر لە شەش هەزار ئیکر زەویی دارستان و باخی وێران کرد، کە تێیدا هاوڵاتییەک و ئەفسەرێکی پۆلیسی دارستان گیانیان لەدەست دا (Rudaw English, 2025d; NRT TV, 2025). کێشەی سەرەکی لەم ڕووداوانەدا، کەمیی ئامێری پێشکەوتووی ئاگرکوژێنەوە، بوونی مینی چێنراوی سەردەمی جەنگەکان و سەختیی جوگرافیای ناوچەکە بوو (Kurdistan24, 2025) هاوکات دیاردەی سووتانی شاخی گۆیژە کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، وەک نموونەیەک بۆ لەناوچوونی درەختە

سەدەساڵەییەکان و تێکچوونی هاوسەنگیی بایۆلۆژی دەمێنێتەوە (Rudaw English, 2024a; xelk.org, 2026).

**بڕینەوەی نایاسایی دار**

بڕینەوەی نایاسایی دار وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندندایە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، دەستدرێژیکردنە سەر زیاتر لە ٦٣ هەزار درەخت بە نایاسایی تۆمار کراوە (Rudaw English, 2025b). سەرەڕای دەستگیرکردنی دەیان کەس بە تۆمەتی بڕینەوەی دار و ئاگرکەوتنەوە، بەڵام دەستوەردانی دەرەکی و فشارەکان وایان کردووە یاسا نەبێتە بەربەستێکی کارا (Channel8, 2026). سزای بڕینەوەی دار کە پێنج سەد هەزار دینار غەرامە یان سێ مانگ زیندانیکردنە، بەراورد بە قەبارەی زیانەکە و سوودی بازرگانیی خەڵووز، زۆر کەمە (FAOLEX, 2012). ئەمە دەریدەخات کە کێشەی سەرەکیی تێکچوونی ژینگە، تەنیا لاوازیی یاسا نییە، بەڵکو نەبوونی سەروەریی یاسا و لاوازیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە بەرامبەر ئەوانەی ژینگەی وڵات دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی تایبەت.

## ٢. پێشکەوتنەکانی حکومەت و ستراتیجییە ژینگەییەکان

### ٢.١هەنگاو و ستراتیجیە ژینگەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی جیددی داوە بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگایەک بە ئاڕاستەی پاراستنی ژینگە و بوژاندنەوەی دارستانەکان. ئەم هەوڵانە لە چەند تەوەرێکی گرنگدا خۆیان دەبیننەوە کە پێویستە بە وردی شیکارییان بۆ بکرێت: (Gov.krd, 2025a; Gov.krd, 2025b)

**یەکەم، دروستکردن و بەهێزکردنی تۆڕی ئاگربڕ :**تاکو ئێستا نزیکەی ٣٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە (٣٤ کیلۆمەتر دووجا (ئاگربڕ لە ناوچە دارستانییەکاندا دروست کراوە. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئاگر، بەڵام هەڵسەنگاندنی کفایەتیی ئەم تۆڕە نابێت تەنها لەسەر بنەمای ڕێژەی

ڕووبەر بێت. بەپێی ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکانی بەڕێوەبردنی ئاگر، کاریگەریی ئاگربڕ پەیوەستە بە پانی، شوێن، بەردەوامی، جۆری ڕووەک، توپوگرافیا، ئاستی مەترسیی ئاگر و چۆنیەتیی چاکسازی و پاراستنی بەردەوامی تۆڕەکە. لەبەر ئەوە، پێویستە کفایەتیی ئاگربڕەکانی هەرێم لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی مەترسیی ئاگر و نەخشەسازیی GIS دیاری بکرێت، نەک بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێژەیەکی جیهانیی یەکگرتوو کە بۆ هەموو دارستانەکان جێبەجێ بکرێت.

دووەم، پاککردنەوەی مین: پاککردنەوەی ١١.٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە زەوی لە مین و پاشماوەکانی جەنگ، تەنیا ڕەهەندی تەناهیی نییە، بەڵکو دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی ئەو زەوییانە بگەڕێنرێنەوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دارستانکردن کە پێشتر بەهۆی مەترسیی مینەوە دەستیان پێ نەدەگەیشت.

سێیەم، بەرەوپێشچوونی وزەی پاک: گۆڕینی سەرچاوەی کارەبا بەجۆرێک کە ئێستا ٨٣٪ی کارەبای هەرێم لە گازی سروشتییەوە دابین دەکرێت، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخشی ژینگەیی هەبووە و ئاستی پیسبوونی هەوای لە ناوچە پیشەسازییەکاندا دابەزاندووە.

چوارەم، بەڕێوەبردنی پاشماوە: کردنەوەی کارگەی ڕیسایکلینی ئاسفالت بە توانای ٢٠٠ هەزار تۆن لە ساڵێکدا، هەنگاوێکی تەکنیکیی پێشکەوتووە بۆ کەمکردنەوەی پاشماوەی پیشەسازی و دووبارە بەکارهێنانەوەی ماددەکان، کە ئەمەش بەشێکە لە ستراتیجیی ئابووریی بازنەیی.

پێنجەم، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی: داتاکان نیشان دەدەن ڕێژەی سەوزایی لە هەرێم لە ١٥٪ بەرەو ١٨٪ و بەپێی هەندێک ڕاپۆرت بەرەو ٢٠٪ بەرز بووەتەوە (Rudaw English, 2025c). لەم چوارچێوەیەدا، پرۆژەی پشتێنەی سەوزی هەولێر بە ئامانجی چاندنی ٧ ملیۆن درەخت، توانایەکی گەورەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە بە ٢١٠ هەزار تەن لە ساڵێکدا خەمڵێنراوە (Gov.krd, 2025c).

شەشەم، پلانی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) پلانی هەیە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ٣٨ ملیۆن درەخت لەسەر ڕووبەری ٦١ هەزار هێکتار بچێنێت و ٦٥ هەزار هێکتار دارستانی سروشتیش بپارێزێت(Gov.krd, 2025a; Rudaw English, 2025a). ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی توانای نەمامگەی سەرچنار لە سلێمانی بۆ ١.٥ ملیۆن نەمام لە ساڵی ٢٠٢٤دا (Gov.krd, 2025a)، بنەمایەکی بەهێز بۆ پڕۆژەکانی دارستانکردن لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری دابین دەکات.

کۆی گشتیی ئەم پڕۆژانە نیشاندەری خواستێکی جیددیی حکومەتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پلانانە لە قۆناغی «ڕاگەیاندن»ـەوە بۆ قۆناغی «کاریگەریی مەیدانی» بگوازرێنەوە، پێویستە چاودێریی بەردەوام و جێبەجێکردنی وردی ئەرکەکان بکرێتە بنەما.

**٢.٢ کەلێنەکانی جێبەجێکردن و بودجە**

**کەلێنە کارگێڕیی و داراییەکان لە پاراستنی دارستانەکاندا**

**سەرەڕای ئەو هەنگاوە ئەرێنییانەی لە هەندێک بواری ژینگەییدا نراون، کەلێنی قووڵی کارگێڕیی و نەبوونی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ کەرتی دارستان، هێشتا وەک ئاستەنگێکی سەرەکی لە بەردەم پاراستنی سامانە سروشتییەکاندا دەمێنێتەوە (Channel8, 2026) ئەم دۆخە لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا دەردەکەوێت:**

یەکەم، نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ کارە پێشوەختەکان: بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری گشتیی دارستان و پاوان، سەرەڕای دەستپێکی وەرزی مەترسیی ئاگر، هیچ بودجەیەکی تایبەت بۆ ئامادەکارییەکان تەرخان ناکرێت. ئەم کەمتەرخەمییە داراییە ڕێگرییەکی کوشندەیە لە بەردەم دابینکردنی ئامێر و پێداویستییەکانی ئاگرکوژێنەوە .(Channel8, 2026) پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوام ڕووبەڕووی دواکەوتن یان بێوەڵامی دەبێتەوە، ئەمەش وای کردووە تیمەکانی پۆلیسی دارستان و بەرگریی شارستانی، لە کاتی کارەساتەکاندا دەستەوەستان بن.

دووەم، پاشەکشەی ژینگەیی بەهۆی ناکارایی وەڵامدانەوە: لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، زیاتر لە ٧٠٠ ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمار کراوە کە زۆربەیان بەهۆی نەبوونی ئامێری پێویست کۆنترۆڵ نەکراون (FAO, 2020). لەدەستچوونی ئەم ڕووبەرە فراوانانە تەنیا زیانی ئابووری نییە، بەڵکو تێکدانی بنەمایەکی ژینگەییە کە بۆ بوژاندنەوەی، دەیان ساڵ کاری تاقەتپڕوکێنی پێویستە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دارستانەکانمان هێشتا لەبەردەم مەترسییەکی بەردەوامدان(Twejer Journal, 2024).

سێیەم، ئاڵنگارییەکانی کۆنترۆڵکردن و ستراتیجییەکان: هەرچەندە حکومەتی هەرێم توانیویەتی نزیکەی ٧٠٪ی ئاگرەکانی ساڵی ٢٠٢٤ کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەو ٣٠٪ـەی کە کۆنترۆڵ نەکراون، بەهۆی فراوانیی ڕووبەرەکان و نەبوونی بودجەی فریاگوزاری، بوونەتە هۆی لەناوبردنی سەدان دۆنم دارستانی چڕ (Rudaw English, 2025a). ئەم دۆخە دەری دەخات کە سیاسەتی ئێستا "وەڵامدەرەوەیە" (Reactive) نەک "پێشگیریکار" (Proactive). بۆ ئەوەی ڕێژەی زیانەکان کەم بکرێتەوە، پێویستە پرسی پاراستنی دارستانەکان لە سیاسەتی دارایی حکومەتدا لە "خەرجییەکی لاوەکی"ـیەوە بگۆڕدرێت بۆ "وەبەرهێنانێکی ستراتیجی"، چونکە تێچووی پاراستنی دارستانێک زۆر کەمترە لە تێچووی نۆژەنکردنەوەی دارستانێکی سووتاو (World Bank, 2022).

### ٣ .چوارچێوەی یاسایی و ئاستەنگەکانی جێبەجێکردن

### ٣.١ چوارچێوەی یاسایی بەرکار

پاراستنی ژینگە و دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر دوو بنەمای یاسایی سەرەکی دامەزراوە. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨، تایبەت بە پاراستن و چاککردنی ژینگە، کە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیسبوونی ژینگە دیاری دەکات. لە تەنیشت ئەمەدا، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ کە بە تایبەت بۆ دارستانەکان دەرکراوە، ئامانجی پاراستنی دارستان، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و ڕاگرتنی هاوسەنگیی بایۆلۆژییە (FAOLEX, 2012). ئەم یاسایە لە ٢٧ مادده پێکهاتووە و ئەرکی سەرەکیی پاراستنی ناوچە سەوزەکانی بەستووەتەوە بە ڕێگریکردن لە گۆڕینی ڕەگەزی زەوی و قەدەغەکردنی هەر جۆرە دەستدرێژییەک بۆ سەر دارستانەکان(Twejer Journal, 2024).

### ٣.٢ ڕێکارە یاساییەکان و قەدەغەکراوەکان

یاسای دارستانەکان بەشێوەیەکی تیۆری توندە و چەندین کردەی بە نایاسایی ناساندووە، لەوانە: گواستنەوەی جێنێتیک و تۆوی ڕووەکی بەبێ مۆڵەت، فڕێدانی پاشماوەی پیسکەر، هەڵکردنی ئاگر، و بە تایبەتی ماددەی هەشتی یاساکە کە گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی دارستانی بەتەواوی قەدەغە دەکات. لە ڕووی سزادانەوە، ماددەی بیست و یەکی یاساکە بۆ ئاگرکەوتنەوەی ئەنقەست سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی شەش مانگ و غەرامەی پێنج ملیۆن دینار دیاری دەکات. بۆ بڕینەوەی نایاسایی داریش، سزای غەرامەی پێنج سەد هەزار دینار دانراوە کە لە ئەگەری نەدانیدا بە سزای زیندانی دەگۆڕدرێت(FAOLEX, 2012).

### ٣.٣ پابەندبوونەکان و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە

سەرباری یاساکان، ڕێنماییەکانی شارەوانیی سلێمانی و دەستەی پاراستنی ژینگە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ناچار دەکەن کە لانیکەم ٢٥٪ی ڕووبەری پڕۆژەکەیان بۆ سەوزایی تەرخان بکەن (Gov.krd, 2025a; Channel8, 2024). لە ئەگەری جێبەجێنەکردندا، دەبێت پڕۆژەکان قەرەبووی دارایی بکەن یان لە شوێنی

دیکە باخچەی گشتی دابین بکەن. سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕێنماییانە لەسەر کاغەز ڕوونن، بەڵام لە واقیعی جێبەجێکردندا چەندین پڕۆژە بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ببنەوە، ئەم مەرجانە پشتگوێ دەخەن.

### ٣.٤ ڕێگاکانی چاکسازیی یاسایی و کارگێڕیی

**بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم دۆخە، پێویستە ئەم ڕێکارانە بگیرێنە بەر:**

١ .دروستکردنی هەماهەنگیی تەواو لەنێوان دامەزراوەکان بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و پەرتبوونی دەسەڵات.

٢ .زیادکردنی سزاکانی پەیوەندیدار بە سەرپێچییە ژینگەییەکان بۆ ئاستێک کە لە قازانجی بازرگانیی نایاسایی زیاتر بێت.

٣ .دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ پۆلیسی دارستان تا بتوانن ئامێری چاودێریی مۆدێرن بەکار بێنن.

٤ .بەهێزکردنی چاودێریی دادوەری لەسەر دۆسیە ژینگەییەکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەستوەردانی دەرەکی.

٥. پێداچوونەوەی بەردەوام بە ڕێنماییەکاندا و پابەندکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە مەرجە ژینگەییەکان لە ڕێگەی سزای توند و چاودێریی مەیدانی.

## ٤ .شیکاریی هۆکار و کاریگەرییەکان

### ٤.١ هۆکارە سەرەکییەکانی لەناوچوونی دارستانەکان

**پاشەکشەی ڕووبەری دارستانەکان لە پارێزگای سلێمانیدا، دەرەنجامی کارلێکی چەندین هۆکاری سروشتی و مرۆییە کە پێویستە بە وردی شیکارییان بۆ بکرێت:**

هۆکارە مرۆییەکان: سەرچاوەی سەرەکیی هەڕەشەکان چالاکییە مرۆییەکانن. بێئاگایی لە پاراستنی ژینگە لە کاتی سەیران و گەشتەکاندا، یەکێکە لە هۆکارە باوەکان بۆ دروستبوونی ئاگر. لەلایەکی دیکەوە، بڕینەوەی نایاسایی دار بە مەبەستی بازرگانیی خەڵووز، مەترسییەکی بەردەوامە؛ بە جۆرێک تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا

زیاتر لە ٦٣ هەزار درەخت بە نایاسایی بڕدراونەتەوە (Rudaw English, 2025b).  ئەم داتایانە پێویستیی بەهێزکردنی چاودێری و دابینکردنی جێگرەوەی بژێوی بۆ گوندنشینان دووپات دەکەنەوە. هەروەها گەشەی نیشتەجێبوون و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بناری چیاکاندا، فشاری زەویی و ژینگەیی لەسەر گوێزە و ئەزمەڕ زیاتر کردووە. هەرچەندە ڕێنماییەکانی حکومەت پابەندبوونی پڕۆژەکان بە ٢٥٪ سەوزایی دیاری دەکەن (KRG, 2025)، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە هێشتا بە چاودێرییەکی وردی بەدواداچوونی پێویستە.

هۆکارە سەربازییەکان: ململانێ و چالاکییە سەربازییەکان لە ناوچە سنوورییەکان، کاریگەریی وێرانکەریان لەسەر ژینگە هەبووە. بۆردومانەکان و پاشماوەی مینەکان، ساڵانە بەشێکی زۆری دارستانەکانی پێنجوێن و ناوچەکانی دیکە دەکەن بە ئامانجی ئاگر. بەپێی ڕاپۆرتەکان، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا سەدان هێرشی ئاسمانی لە ناوچە سنوورییەکان ئەنجامدراوە کە زیانی ڕاستەوخۆیان بە سیستەمی ژینگەیی گەیاندووە (Rudaw English, 2025a).

گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی: گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا یەکێکن لە هۆکارەکانی زیادبوونی مەترسیی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکاندا. بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و توندتربوونی دۆخی وشکەساڵی، زەمینە بۆ دروستبوون و خێرا تەشەنەسەندنی ئاگر لەبار دەکەن. بەپێی مۆدێلی ئاماریی (Zahir, 2025 & Rasul)، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زۆرینە بە تەنیا یەک پلەی سیلیزی، لەو مۆدێلەدا پەیوەست بووە بە زیادبوونی نزیکەی ١٢.٨٪ لە ڕووبەری سووتاوی پێشبینیکراو. بەردەوامبوونی گەرمبوونی زەوی و توندتربوونی وشکەساڵی، دەبێتە هۆی زیاترکردنی مەترسیی ئاگرکەوتنەوە و لاوازبوونی توانای خۆڕاگریی دارستانەکان لە داهاتوودا.

### ٤.٢ کاریگەرییە ژینگەیی، ئابووری و کەشوهەواییەکانی لەناوچوونی دارستانەکان

**لەناوچوونی دارستانەکان تەنیا کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی نییە، بەڵکو گورزێکی کوشندەیە بۆ ژێرخانی سروشتی و ئابووریی هەرێمەکەمان. کاریگەرییەکان بەمشێوەیەی خوارەوە دەردەکەون:**

**کاریگەرییە ژینگەییەکان**

١ .لەناوچوونی فرەچەشنیی زیندەیی (Biodiversity): دارستانەکان حەشارگەی جۆرە دەگمەن و ڕەسەنەکانی وەک (Quercus infectoria) و(Pistacia atlantica) ـن. ئاگرەکان ئەم ژینگە سروشتییە وێران دەکەن و دەبنە هۆی لەناوچوونی جۆرە ئاژەڵ و ڕووەکییەکان کە هاوسەنگیی سروشت دەپارێزن .

٢ .داخورانی خاک: نەبوونی ڕیشەی دار لەسەر زەوییە شاخاوییەکان، خاکەکە بەرامبەر بە لافاو و ڕووتانەوە بێ بەرگری دەکات. بەپێی هەڵسەنگاندنە زانستییەکان، دارستانەکان دەتوانن ڕێژەی داخورانی خاک تا ٪٦٥ کەم بکەنەوە.

٣ .دەردانی گازە زیانبەخشەکان: سووتانی دارستانەکان ڕێژەیەکی زۆر گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) و ماددە ژەهراوییەکانی وەک ($PM_{2.5}$) دەردەدات. ئەمە تەنیا گەرمبوونی زەوی خێرا ناکات، بەڵکو کوالێتیی هەوا بۆ ئاستێکی مەترسیدار دادەبەزێنێت، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستیی کۆئەندامی هەناسەدانی هاوڵاتییان هەیە.

**کاریگەرییە ئابوورییەکان**

١ .لەدەستدانی بژێوی: بۆ هەزاران خێزانی گوندنشین، دارستان سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە. کاتێک دارستانەکان دەسووتێن، ئاسایشی ئابووریی ئەم خێزانانە دەکەوێتە مەترسییەوە و ناچار دەبن بەرەو شارەکان کۆچ بکەن، کە ئەمەش فشارێکی زیادە بۆ سەر کەرتی خزمەتگوزاری لە شارەکان دروست دەکات.

٢ .تێچووی ژێرخان و گەشتیاری: کەمبوونەوەی سەوزایی، زیان بە کەرتی گەشتیاریی ژینگەیی دەگەیەنێت. هەروەها لە وەرزی زستاندا، بەهۆی کەمیی دارستان، لافاو زیانی ملیۆنی بە ڕێگاوبان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان دەگەیەنێت، کە حکومەت ناچار دەبێت خەرجییەکی زۆر بۆ نۆژەنکردنەوەیان تەرخان بکات.

٣ .تێچووی بوژاندنەوە: تێچووی دارستانکردنەوەی هەر هێکتارێک زەوی کە سووتاوە، زۆر بەرزە. ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە بەهۆی نەپاراستنی سامانە سروشتییەکانەوە، دەبێت داهاتێکی گەورە لە داهاتوودا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بەکار بهێنین کە دەمانتوانی بە پاراستنیان لێی بەدوور بین.

**کاریگەریی کەشوهەوایی**

دارستانەکان وەک پاڵێوگەی سروشتی کار دەکەن. کاتێک ڕووبەری سەوزایی کەم دەبێتەوە، توانای سروشت بۆ هەڵمژینی کاربۆن لاواز دەبێت. پڕۆژەکانی وەک «پشتێنەی سەوزی هەولێر» بە ئامانجی کەمکردنەوەی ٢١٠ هەزار تەن کاربۆن (Gov.krd, 2025c)، نیشانەی گرنگیی ئەم ئامێرانەن. کەواتە هەر درەختێک کە لەناو دەچێت، لە ڕاستیدا لەدەستدانی ئامێرێکی بێ بەرامبەری پاککردنەوەی هەوایە، کە بۆ بەدیلەکەی دەبێت ملیۆنان دۆلار لە تەکنەلۆجیای دژە-کاربۆن خەرج بکرێت. بۆیە پاراستنی دارستان، نەک تەنیا پرسێکی ژینگەییە، بەڵکو وەبەرهێنانە لە ئاسایشی تەندروستی و ئابووریی نەوەکانی داهاتوومان.

**٤.٣ ستراتیجییەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا**

**لێکۆڵینەوە زانستییەکان (Rasul & Zahir, 2025) ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆڕانی کەشوهەوا چیتر پێشبینی نییە، بەڵکو واقعێکە دارستانەکانی سلێمانی ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییانە، پێویستە ئەم ڕێکارانە بکرێنە بەشێک لە سیاسەتی نیشتمانی:**

**١ .هەڵبژاردنی جۆری درەخت بۆ داهاتوو:**

نابێت پڕۆژەکانی چاندن تەنیا پشت بە نەمامی هاوردەکراو ببەستن. پێویستە ئەو جۆرانە دەستنیشان بکرێن کە بەرگریی سروشتییان لە بەرامبەر گەرمی و وشکەساڵیدا هەیە. جۆرەکانی وەک «بەڕوو» و

«قەزوان» و «گوێژی کێوی» کە بە درێژایی مێژوو لە زاگرۆسدا مانەوەیان سەلماندووە، دەبێت بنەمای هەر پرۆسەیەکی بوژاندنەوە بن. ئەم جۆرانە پێویستییان بە ئاوی کەمترە و ژینگەی ناوچەکەش بە تەواوی لەگەڵ گەشەیاندا گونجاوە.

**٢ .پلاندانانی ژینگەیی و کارایی سەرچاوەکان:**

پێویستە پڕۆژەکانی سەوزکردن لەسەر بنەمای زانیاریی وردی خاک و ئاو دابمەزرێن. بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی ئاوی باران (Water Harvesting) لە ناوچە شاخاوییەکاندا، دەتوانێت کێشەی کەمئاوی لە وەرزی گەرمادا چارەسەر بکات. دارستانەکان نابێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بڵاو بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت بە ئاراستەیەک بن کە ڕێگر بن لە بڵاوبوونەوەی ئاگر و گونجاوبن بۆ پاراستنی خاک لە داخوران.

**٣ .چاودێریی سیستماتیک و توێژینەوە:**

پاراستنی دارستانەکان بەبێ داتا ناکرێت. پێویستە سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی وردی پلەی گەرما، ئاستی شێی خاک و تەندروستیی دارەکان لە ناوچە دارستانییەکاندا هەبێت. ئەم زانیارییانە یارمەتیی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات کە پێش ئەوەی وشکەساڵی ببێتە هۆی وشکبوونی دارستانەکان، هەنگاوی پێویست بۆ ئاودێری یان پاراستنیان بگرنە بەر.

**٤ .بەهێزکردنی ئاستی هۆشیاری و هاوبەشیی نێودەوڵەتی:**

خۆگونجاندن پێویستی بە بەشداریی کۆمەڵگەیە. هاوڵاتییان و گوندنشینان دەبێت لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە ئاگادار بکرێنەوە کە چۆن لە کاتی گۆڕانی کەشوهەوادا دەست بە پاراستنی سروشت بکەن. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، هەرێمی کوردستان پێویستی بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی ژینگە هەیە تا بتوانین باشترین تەکنەلۆجیاکانی خۆگونجاندن لە ناوچەکانی تری جیهانەوە بێنینە ناو ژینگەی خۆمانەوە.

**٥ .پاراستنی خاک و سەرچاوەکانی ئاو:**

پاراستنی دارستانەکان لە بنەڕەتدا پاراستنی ئاوە. پێویستە تەکنیکەکانی وەک دروستکردنی تراس لەسەر زەوییە لێژەکان و بەنداوە بچووکەکان بۆ هەڵگرتنی ئاو جێبەجێ بکرێن. ئەم کارانە نەک هەر ئاو بۆ درەختەکان دابین دەکەن، بەڵکو ڕێگە لە ڕووتانی خاکی بەپیت دەگرن و هاوسەنگیی ژینگەیی لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەپارێزن.

**٤.٤ .شیکاریی وردی فرەچەشنیی بایۆلۆجی و جۆرە مەترسیدارەکان**

**دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی شوێنی ژیانی چەندین جۆری ڕەسەن و دەگمەنن کە لە شوێنێکی تر لە جیهاندا نادۆزرێنەوە. ئەم بەشە شیکارییەکی وردی ئەم جۆرانە و مەترسییەکانیان پێشکەش دەکات:**

**١ .جۆرە ڕەسەنەکانی دارستانەکانی سلێمانی:**

| ناوی زانستی | ناوی کوردی | شوێنی سەرەکی | ئاستی مەترسی |
|---|---|---|---|
| Quercus infectoria | مازوو | چیاکانی گۆیژە، ئەزمەڕ، پێنجوێن | مەترسیی زۆر |
| Quercus libani | بەڕوو | هەورامان، پشدەر، شارباژێڕ | مەترسیی زۆر |
| Prunus microcarpa | ئالوچەی کێوی | چیاکانی سلێمانی | مەترسیی ناوەند |
| Crataegus azarolus | گوێژی کێوی | هەموو ناوچەکانی سلێمانی | مەترسیی ناوەند |
| Crataegus monogyna | گوێزی تر | چیاکانی سلێمانی | مەترسیی ناوەند |
| Acer monspessulanum | دەڕۆی چیای | چیاکانی باکووری سلێمانی | مەترسیی ناوەند |
| Pistacia atlantica | قەزوان | ناوچە وشکەکانی سلێمانی | مەترسیی زۆر |
| Juniperus excels | سنەوبەری بەرز | چیاکانی بەرزی سلێمانی | مەترسیی زۆر |
| Pinus brutia | سنەوبەری تورکی | ناوچە شاخاوییەکانی سلێمانی | مەترسیی ناوەند |

**هۆکارەکانی مەترسی و نەخشەڕێگەی پاراستنی جۆرە ڕەسەنەکان (ئێندیمییەکان)**

**٢ .هۆکارەکانی مەترسی بۆ سەر جۆرە ڕەسەنەکان:**

دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی خاوەنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی ژینگەیین کە لە سیاسەتە ئابوورییەکاندا بە دەگمەن ڕەچاو کراون. ئەم شیکارییە تیشک دەخاتە سەر ئەو بەها ناڕاستەوخۆیانەی دارستانەکان کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی:

یەکەم، بەهای هەڵمژینی کاربۆن: دارستانەکان وەک پاڵێوگەیەکی سروشتی بۆ گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کار دەکەن. هەر هێکتارێک دارستانی تەندروست بەپێی ستانداردە جیهانییەکان توانای هەڵمژینی بڕێکی بەرچاوی کاربۆنی هەیە، کە ئەمەش لە بازاڕی ئابووریی ژینگەییدا بەهایەکی دارایی زۆری هەیە. کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا، تێچووی کەرتی تەندروستی بۆ دەوڵەت کەم دەکاتەوە.

دووەم، بەهای ڕێکخستنی سەرچاوەکانی ئاو: ڕۆڵی دارستانەکان لە پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و کەمکردنەوەی لافاو، خزمەتگوزارییەکی بێ بەرامبەرە کە ئەگەر دارستانەکان نەبن، حکومەت ناچار دەبێت ملیاران دینار بۆ دروستکردنی بەنداو و سیستمی ئاوەڕۆ و پاراستنی خاک خەرج بکات. دارستانەکان بە مانای وشە "بەنداوە سروشتییەکان"ـن.

سێیەم، بەهای گەشتیاری و کولتووری: ناوچە دارستانییەکانی وەک هەورامان، پێنجوێن و بناری چیای گۆیژە، سەرمایەی سەرەکیی کەرتی گەشتیاریی ژینگەیین. بوونی دارستانەکان ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هاتنی گەشتیار و بووژانەوەی بازاڕی ناوخۆیی، کە ئەمەش سەرچاوەیەکی بەردەوامی داهاتە بۆ دانیشتووانی ناوچەکە.

چوارەم، بەهای دەرمانسازی و بەروبوومە سروشتییەکان: بەرهەمە نا دارستانییەکان وەک مازوو، بەڕوو و ڕووەکە دەرمانییەکان، بەشێکی دانەبڕاون لە ئابووریی گوندنشینان. پاراستنی ئەم جۆرانە، دڵنیایی دەدات بە داهاتووی پیشەسازیی دەرمانسازی و بەرهەمە خۆماڵییەکان.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی ئابووری بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە بکرێت، دەردەکەوێت کە بەهای دارستانەکان زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا لە ڕووی دارەوە نرخێندراوە. هەرچەندە ئەم خەمڵاندنانە پێویستیان بە توێژینەوەی مەیدانیی وردتر هەیە، بەڵام ئەم بەهایانە دەبێت وەک بەڵگەی زانستی لە لایەن بڕیار بەدەستانەوە بەکار بهێنرێن بۆ ئەوەی بودجەی پێویست بۆ پاراستنیان تەرخان بکرێت. لە ڕاستیدا، پاراستنی دارستان وەبەرهێنانە نەک خەرجی.

**٤.٥ هەڵسەنگاندنی ئابووریی خزمەتگوزارییەکانی ژینگەی دارستانەکان**

**شیکاریی ئابووریی خزمەتگوزارییەکانی ئیکۆسیستەمی دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی**

دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی خاوەنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی ئیکۆسیستەمیی فرەبەها و گرنگن، کە لە هەڵسەنگاندنە ئابوورییەکانی حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا بە دەگمەن ڕەچاو کراون. ئەم شیکارییە پشت بە ڕێبازی گواستنەوەی سوود (Benefit Transfer Method – BTM) دەبەستێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی داتای خەمڵێنراوی ناوچە هاوشێوەکان بۆ خەمڵاندنی بەهای خزمەتگوزارییەکان لەو شوێنانەی داتای بازاڕی ڕاستەوخۆیان سنووردارە. بەهای ساڵانەی ٢٥٠,٠٠٠ هێکتار دارستانی پارێزگاکە بەپێی ستانداردە جیهانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە لەبەرچاو گیراوە:

یەکەم، بەهای کۆکردنەوەی کاربۆن: دارستانەکان کاربۆن هەڵدەگرن، بەڵام ڕێژەی هەڵگرتن بە جۆری دار، تەمەن، خاک، ئاوهەوا و شێوازی پێوانەکردن دەگۆڕێت. بەهۆی گۆڕانکاریی ئەم پێوەرانە، هیچ بەهایەکی داراییی یەکگرتوو بۆ هەر هێکتارێک وەک داتای یەکلاکەرەوە دانانرێت. پێشنیار دەکرێت هەڵسەنگاندنی کاربۆن بەپێی میتۆدی IPCC و بە پشتبەستن بە داتای ناوخۆیی ئەنجام بدرێت.

دووەم، بەهای ڕێکخستنی سەرچاوەکانی ئاو: دارستانەکان بە کەمکردنەوەی ڕووتانی خاک و پاراستنی پەیوەندیی نێوان خاک و ئاو، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن. بەهای داراییی ئەم خزمەتگوزارییە پێویستی بە توێژینەوەی ناوخۆیی و هەڵسەنگاندنی حەوزی ئاودێریی ناوچەکە هەیە تا بە وردی دیاری بکرێت.

سێیەم، بەهای پاراستنی خاک: پاراستنی پوششی ڕووەکی ڕێگری لە ڕووتانی خاک دەکات. بۆ بەدەستهێنانی خەمڵاندنێکی باوەڕپێکراو، پێویستە داتاکانی پەیوەست بە پێکهاتەی خاک، ڕێژەی بارانبارین، شێوەی زەوی و بەکارهێنانی زەوی لە شیکارییەکی مەیدانیی ناوخۆیی بەکار بهێنرێن.

چوارەم، بایەخی گەشتیاریی سروشتی و بەرهەمە نادارییەکانی دارستان :دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی، وەک گۆیژە، ئەزمەڕ، هەورامان، پشدەر و پێنجوێن، تەنیا لە ڕووی ژینگەییەوە گرنگ نین، بەڵکو لە بواری گەشتیاریی سروشتی، ئابووریی ناوخۆیی و بەرهەمە نادارییەکانی دارستان، خاوەن پێگەیەکی دیارن. کەچی بۆ دیاریکردنی بەهای داراییی ئەم خزمەتگوزارییانە بە وردی و بە شێوازێکی زانستی و متمانەپێکراو، پێویستە هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بۆ بەهای خزمەتگوزارییەکانی «سیستەمی ژینگەیی Ecosystem) (Servicesبە پشتبەستن بە داتای خۆماڵی ئەنجام بدرێت.

پێنجەم، کۆی بەهای ساڵانەی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان: لە وەشانی بڵاوکردنەوەی ئەم نەخشەڕێگایەدا، نابێت کۆیەکی دارایی وەک داتای یەکلاکەرەوە بخرێتەڕوو تا هەموو بەشەکان بە داتای ناوخۆیی و میتۆدی یەکسان هەڵنەسەنگێندرێن. پێشنیار دەکرێت هەڵسەنگاندنی ئابووریی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان وەک پرۆژەی توێژینەوەی یەکەمی ساڵی یەکەم جێبەجێ بکرێت.

زیانەکانی لەناوچوونی دارستانەکان تەنیا لە ڕووبەری سەوزاییدا کورت نابنەوە، بەڵکو گورزێکی قورسە لە ژێرخانی ئابووری و ژینگەیی هەرێمەکە. سەرەڕای سەختیی دیاریکردنی بەهای داراییی ڕاستەوخۆ بۆ هەموو خەسارەتەکان، بەڵام ئاماژە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە لەناوچوونی دارستانەکان بەهۆی ئاگر و بڕینەوەی نایاسایی، تێچوویەکی ئابووریی گەورەی لەسەر شانی کۆمەڵگە و حکومەت دروست کردووە. لەناوچوونی هەر هێکتارێک دارستان، ساڵانە زیانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە دواوەیە؛ لە لەدەستدانی بەروبوومی سروشتییەوە تا زیادبوونی خەرجییەکانی چاکسازیی ژینگەیی و کەمبوونەوەی داهاتی گەشتیاری.

ئاگرە گەورەکان وەک ئەوەی لە سنووری هەڵەبجە ڕوویدا، نیشانەی ئەوەن کە تێچووی کارەساتە ژینگەییەکان دەتوانێت بە ملیاران دینار/دۆلار مەزەندە بکرێت . (NRT TV, 2025)ئەم تێچووانە تەنیا زیانی دارە سووتاوەکان نین، بەڵکو تێچووی قورسی بوژاندنەوە، لەدەستدانی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان و کاریگەرییە درێژخایەنەکانیان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ و ئاو دەگرێتەوە.

**پێویستیی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و داتا-بنەمایی**

**هەڵسەنگاندنی ئابووریی خزمەتگوزارییەکانی ژینگە نابێت وەک کارێکی تاقانە سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت بەشێک بێت لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دارستانەکان. پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:**

١ .نوێکردنەوەی بەردەوامی داتا: گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و ڕووداوە لەناکاوەکان وا دەکات داتاکانی ئابووریی دارستان بەپێی کات گۆڕانکارییان بەسەردا بێت؛ بۆیە پێویستە سیستمێکی بە ڕۆژکردنەوەی داتا هەبێت.

٢ .بەکارهێنانی داتا وەک بەڵگەی بڕیاردان: ئەم هەڵسەنگاندنانە دەبێت وەک بەڵگەی زانستی لە بەردەم بڕیاربەدەستاندا بن، تاوەکو پاراستنی دارستانەکان لە "بژاردەیەک"ـەوە بگۆڕدرێت بۆ "وەبەرهێنانێکی ناچاری" لەسەر ئاستی نیشتمانی.

٣ .شەفافییەت لە بودجە: تەرخانکردنی سەرچاوەکان دەبێت لەسەر بنەمای ئەو زیانانە بێت کە بەهۆی نەپاراستنی دارستانەکانەوە بەر کۆمەڵگە دەکەوێت. کاتێک ڕوونی هەیە لەسەر ئەوەی دارستانەکان چەند پارە بۆ حکومەت دەگەڕێننەوە یان چەند خەرجییەک لەسەر حکومەت کەمدەکەنەوە، ئاسانتر دەبێت بودجەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

بە کورتکراوەیی، شیکاریی ئابووریی زیانەکان پێویستە ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هەر پڕۆژەیەکی پاراستن و بوژاندنەوەی دارستان لە هەرێمدا.

**٥. شیکاریی دامەزراوەیی و دارایی لە کەرتی پاراستنی دارستانەکاندا**

پاراستنی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە و چەند دامەزراوەیەک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ تێیدا بەشدارن، بەڵام ئەم پەرتبوونە لە ئەرکەکاندا بووەتە هۆی لاوازیی لە جێبەجێکردندا:

دەستەی پاراستن و چاکسازیی ژینگە: ئەم دەزگایە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە، وەک ناوەندی سەرپەرشتیار بۆ گشت پڕۆژەکانی ژینگەپارێزی کار دەکات. سەرەڕای هەبوونی دیدگای ستراتیجی، بەڵام بەهۆی کەمیی تەرخانکراوی دارایی و پێویستی بە هێزی مرۆیی شارەزا، لە جێبەجێکردنی پلانە گەورەکانیدا ڕووبەڕووی کۆسپ دەبێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دارستان و پاوان (وەزارەتی کشتوکاڵ): ئەم فەرمانگەیە بەرپرسی یەکەمی پڕۆژەکانی دارستانکردن و پاراستنی ڕووبەرە سەوزەکانە. ئەرکەکانیان لە ئامادەکردنی پلانی پێشوەختە بۆ ئاگر بڕەکان تا ڕێکخستنی پاوانەکان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەبوونی بودجەی تایبەت بۆ چالاکییە وەرزییەکان، بەتایبەت لە کاتی دروستکردنی ئاگر بڕەکاندا، ئاستەنگێکی سەرەکییە کە بەڕێوەبەرایەتییەکە نەتوانێت بە تەواوی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

پۆلیسی دارستان و ژینگە (وەزارەتی ناوخۆ): ئەم هێزە ئەرکی مەیدانیی چاودێریکردن و سەپاندنی یاسای لە ئەستۆدایە. بەڵام بەهۆی کەمیی کارمەند و ئامێری پێشکەوتووی چاودێری، هەر چاودێرێک ئەرکی پاراستنی هەزاران هێکتاری لە ئەستۆدایە، کە ئەمەش وا دەکات پاراستنی دارستانەکان لە ناوچە دوورەدەستەکاندا زۆر ئەستەم بێت.

شارەوانیی سلێمانی: بەرپرسی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی سەوزایی و پلاندانانە لە ناو سنووری شارەکاندا. سەرەڕای هەبوونی پلان بۆ پەرەپێدانی سەوزایی، بەڵام نەبوونی زەوی پێویست و کەمیی بودجە ڕێگرن لەبەردەم فراوانکردنی پڕۆژە ژینگەیییەکان.

### ٥.١ کەلێنە دامەزراوەییەکان و کاریگەرییان

نەبوونی بودجەی تایبەت: چەندین ساڵە هیچ بودجەیەکی دیاریکراو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاگرکوژێنەوە تەرخان نەکراوە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی شکستپێهێنانی کۆنترۆڵکردنی زۆربەی ئاگرەکانە کە زیانی گەورەیان بە دارستانەکان گەیاندووە(Channel8, 2026).

پەرتبوونی دەسەڵاتەکان: دابەشبوونی ئەرکی دارستانەکان بەسەر دەستەی ژینگە، وەزارەتی کشتوکاڵ، پۆلیسی دارستان و شارەوانییەکاندا، وای کردووە "بەرپرسیارێتییەکی یەکگرتوو" بوونی نەبێت. ئەم ناهەماهەنگییە وەڵامدانەوەی خێرای بۆ ئاگرەکان پەک خستووە.

نەبوونی دادگای تایبەتمەند: بەهۆی نەبوونی دادگای پسپۆڕ بۆ کێشە ژینگەییەکان، تاوانەکان وەکو پێویست مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و سزاکان نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم پێشێلکارییەکاندا (Twejer Journal, 2024).

کەمیی داتا و سیستمی چاودێری: نەبوونی سیستمی چاودێریی پێشکەوتوو و داتای ورد، ڕێگەی پلاندانانی بەرکار و وەڵامدانەوەی خێرا دەگرێت. پێویستە سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS) و وێنەی مانگە دەستکردەکان لە ناوەندێکی چاودێریی یەکگرتوودا کۆ بکرێنەوە.

### ٥.٢ هەنگاوە ئەرێنییەکان و پلانی هاوبەش

سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، هەنگاوی گرنگ نراون وەک دروستکردنی ٣٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاگر بڕ و پەرەپێدانی توانای نەمامگەی سەرچنار بۆ ١.٥ ملیۆن نەمام لە ساڵی ٢٠٢٤دا (Gov.krd, 2025a). پلانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) بۆ چاندنی ٣٨ ملیۆن درەخت لە پێنج ساڵی داهاتوودا، دەرفەتێکی لەبارە بۆ بوژاندنەوەی دارستانەکان و ڕەخساندنی هەلی کار. سەرکەوتنی ئەم پلانە پێویستی بە پشتیوانیی داراییی بەردەوام و هەماهەنگیی تەواوی نێوان دامەزراوەکان هەیە.

## ٦. ڕاسپاردە ستراتیجییەکان

### ستراتیجی یەکەم: ڕاسپاردە یاسایی و کارگێڕییەکان بۆ پاراستنی دارستانەکان

**پێکهێنانی چوارچێوەیەکی یاسایی پتەو، یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی پاراستنی دارستانەکان لە گوتارێکی ژینگەییەوە بگۆڕێت بۆ بەرنامەیەکی کارپێکراو. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم ڕاسپاردانە پێشنیار دەکرێن:**

دامەزراندنی دادگای تایبەت بە ژینگە: پێویستە دادگایەکی پسپۆڕ لە پارێزگای سلێمانی بۆ یەکلاییکردنەوەی خێرای تاوانە ژینگەییەکان پێکبهێنرێت. ئەم دادگایە دەبێت خاوەنی شارەزاییی یاسایی و زانستیی ژینگەیی بێت تا بڕیارەکان لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ ڕۆژدا جێبەجێ بکرێن. هاوکات پێویستە مافی سکاڵاکردن بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت تا ڕۆڵێکی چالاک لە چاودێریدا ببینن.

پۆلێنکردنی تاوانی ژینگەیی وەک تاوانی دژ بە ئاسایشی نیشتمانی: تاوانی ژینگەیی، بەتایبەت ئەو کردانەی دەبنە هۆی لەناوچوونی دارستانەکان، دەبێت وەک تاوانێکی گشتی دژ بە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی نیشتمانی پۆلێن بکرێت، نەک وەک پێشێلکارییەکی ئاسایی. ئەم پۆلێنکردنە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کاریگەریی ڕێگریی یاسا، چونکە دارستانەکان سەرچاوەی ژیانی نەوەکانی داهاتوون و تێکدانیان تێکدانی بنەمای مانەوەیە.

توندکردنی سزاکان لە یاسای دارستانەکاندا: پێویستە سزاکانی ناو یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ ئاستێکی ڕاستەقینەی بەرگریکار زیاد بکرێن. زیندانیکردن بۆ تاوانە گەورەکانی ژینگەیی بۆ لانی کەم ٣ ساڵ و بۆ ئاگرکەوتنەوەی ئەنقەست بۆ ٥ ساڵ بەرز بکرێتەوە. هەروەها غەرامەکان دەبێت بگەنە ئاستێک کە قازانجی بازرگانیی نایاسایی نەمێنێت، لەگەڵ پابەندکردنی تاوانبار بە چاندنی ١٠ هێندەی ئەو دارانەی کە بڕیویەتی.

سەپاندنی یاسای قەرەبووکردنەوە (میکانیزمی ١ بە ٣): هەر لایەن یان کۆمپانیایەک دارستان تێک بدات، دەبێت ناچار بکرێت بە چاندن و بەخێوکردنی سێ هێندەی ئەو ڕووبەرەی زیانی پێ گەیاندووە. ئەم سیاسەتە پێویستە وەک ماددەیەکی یاسایی ناچاری لە یاسای دارستانەکاندا جێگیر بکرێت.

داواکردنی قەرەبووی کاربۆن: ئەو کۆمپانیایانەی بە چالاکییەکانیان ڕێژەیەکی زۆر گازی زیانبەخش دەردەکەن، دەبێت پابەند بکرێن بە تەرخانکردنی قەرەبووی دارایی بۆ پڕۆژەکانی چاندنی دارستان لە پارێزگای سلێمانی. ئەم پارەیە دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف تەنیا بۆ پڕۆژەکانی دارستانکردن و پاراستنی ناوچە سروشتییەکان خەرج بکرێت.

پێداچوونەوەی گشتگیر بە یاسای دارستانەکان: پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕ یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ هەموار بکاتەوە تا کەلێنەکان پڕ بکرێنەوە. ئەم هەموارکردنە دەبێت ماددەیەک بۆ سزادانی ئەو بەرپرس و فەرمانبەرانەی حکومەت لەخۆ بگرێت کە کەمتەرخەمن یان ڕێگری لە جێبەجێکردنی یاسا دەکەن، هەروەها سزادانی کۆمپانیاکان بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنیان لە حاڵەتی پێشێلکاریی دووبارەدا، بکرێتە بەشێک لە یاساکە.

بەهێزکردنی داواکاری گشتی لە بواری ژینگەدا: پێویستە دەزگای داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان بەشێکی تایبەت و سەربەخۆ بۆ کاروباری ژینگە دابمەزرێنێت. ئەم بەشە دەبێت خاوەنی دەسەڵاتی تەواو بێت بۆ بەدواداچوونی سەرپێچییە ژینگەییەکان و هەماهەنگیی نێوان پۆلیسی دارستان، دەستەی ژینگە و شارەوانییەکان بکات، تا دڵنیایی بدرێت کە تاوانە ژینگەییەکان بەبێ سزا تێنەپەڕن.

**ستراتیجی دووەم: ڕاسپاردە کارگێڕیی و تەکنیکییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی دارستان**

**بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی کەرتی دارستان و نەهێشتنی ناکۆکییە کارگێڕییەکان، پێویستە ئەم ڕێکارانە لە ئاستی دامەزراوەیی و تەکنیکیدا جێبەجێ بکرێن:**

یەکخستنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان: ئێستا پەرتبوونی ئەرکەکان لە نێوان دەستەی ژینگە، وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەوانییەکاندا، بۆتە هۆی بێسەروبەری لە بڕیاردان. پێشنیار دەکرێت سەرجەم دەسەڵاتەکانی

پەیوەست بە دارستان و پاوان، پۆلیسی دارستان و بەشە ژینگەییەکان لەژێر یەک چەتەی کارگێڕیدا یەک بخرێن. ئەم یەکخستنە پێویستی بە هەموارکردنی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ هەیە تاوەکو میکانیزمێکی یەکگرتووی بەڕێوەبردن فەراهەم بکرێت و ناکارایی کارگێڕیی نەمێنێت.

بەهێزکردنی توانای مەیدانیی پۆلیسی دارستان: ژمارەی ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیسی دارستان دەبێت بە پشتبەستن بە نەخشەی مەترسییەکان و ڕووبەری جوگرافیی دارستانەکان دیاری بکرێت، نەک بە ژمارەیەکی گشتی. پێویستە پرۆژەیەکی قۆناغبەندی بۆ زیادکردنی هێزی مرۆیی، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی شاخاوی و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ ناوەندێکی چاودێریی ٢٤ کاتژمێری دابنرێت، تا بتوانن بە شێوەیەکی پیشەییانە چاودێریی ناوچە دیاریکراوەکانی خۆیان بکەن.

دامەزراندنی سیستمی چاودێریی دیجیتاڵ: بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای GIS و وێنەی سەتەلایتیی نوێ بۆ دیاریکردنی ڕووبەری دارستانەکان و جیاکردنەوەیان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان، بەردی بناغەی پلاندانانی زانستییە. ئەم سیستمە دەبێت ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە ڕێگەی مۆدێلی پێشبینیی کەشوهەوا و کامێرای گەرمییەوە دابین بکات و ناوەندێکی چاودێری لە سلێمانی دابمەزرێنێت کە هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم دەزگاکاندا بکات.

دامەزراندنی بانکی نیشتمانیی تۆو: پاراستنی جۆرە ڕەسەنەکانی وەک بەڕوو، مازوو، قەزوان، گوێز و سنەوبەر لە مەترسیی تێکەڵبوون یان لەناوچوون، پێویستی بە بانکی نیشتمانیی تۆو هەیە. ئەم بانکە کە دەبێت توانای هەڵگرتنی لانیکەم ١٠٠ جۆر تۆوی هەبێت، دەبێت لە ناوەندێکی زانستیدا وەک زانکۆی سلێمانی دابمەزرێت و پەیوەندیی نێودەوڵەتیی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ڕاهێنانی پسپۆڕان هەبێت.

دابینکردنی بودجەی ساڵانەی پابەندبوون: پاراستنی دارستان پێویستی بە بودجەیەکی ساڵانەی جێگیر هەیە. لە جیاتی دانانی ژمارەی دارایی بەبێ پلانی تێچوو، پێشنیار دەکرێت بودجە بە پێنج سەردێڕی سەرەکی دابەش بکرێت: وەڵامدانەوەی ئاگر، چاودێری و داتا، بوژاندنەوە، توێژینەوە و هۆشیاری/کۆمەڵگە.

دوای ئەوەی تێچووی ورد لەساڵی یەکەمدا دیاری کرا، بودجەی پێویست دەبێت بە شێوەی پڕۆژە-بە-پڕۆژە تەرخان بکرێت.

دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی دارستان لە زانکۆی سلێمانی: پێویستە ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەی دارستان لە زانکۆی سلێمانی دابمەزرێت، کە بەرپرسیاری توێژینەوەی زانستی لەسەر دارستانەکان، کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا، باشترین پێشینەکانی پاراستن و پەرەپێدانی جۆرە نوێیەکانی درەخت بێت. ئەم ناوەندە دەبێت ببێتە پاڵپشتییەکی زانستی بۆ سەرجەم پرۆژەکانی پاراستنی دارستان و ڕاهێنانی خوێندکارانی باڵا و پسپۆڕانی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

**ستراتیجی سێیەم: ڕاسپاردە کارگێڕیی و تەکنیکییەکان بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی کەرتی دارستان**

پێویستە پاراستنی دارستانەکان لە گوتارەوە بگوازرێتەوە بۆ پلانێکی مەیدانیی تۆکمە. لەم سۆنگەیەوە، ئەم ڕێکارانە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی دارستان لە پارێزگای سلێمانی پێشنیار دەکرێن:

دروستکردنی ڕێرەوی ئاگر بڕی ستراتیجی: دیاریکردنی ڕێڕەوی ئاگر بڕ لە ناوچە هەستیار و شاخاوییەکان (وەک گۆیژە، ئەزمەڕ، پێنجوێن و هەورامان) نابێت بە یەک پێوانەی گشتی بۆ هەموو شوێنەکان بێت. پێویستە لەسەر بنەمای پشکنینی مەیدانی و نەخشەی جوگرافیی(GIS) ، هێڵەکانی ئاگر بڕ بە پانیی لانی کەم دە مەتر بە شێوەیەکی پیشەییانە دروست بکرێن. وێڕای هەبوونی ٣٤ ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاگر بڕی سروشتی، بەڵام پێویستیی واقیعی بۆ پاراستنی دارستانەکانی سلێمانی داوای دروستکردنی لانی کەم ١٠٠ کیلۆمەتر ئاگر بڕی نوێ دەکات کە ساڵانە چاککردنەوەی پێویستی بۆ بکرێت.

پاککردنەوە و ریسایکلینی پاشماوەی وشک: پووش و پەڵای وشک لە سەرەتای بەهاردا لە ژێر درەختەکان و نزیک ڕێگاکان کۆ بکرێتەوە. ئەم کارە بۆ پاراستنی لانی کەم ١٠,٠٠٠ هێکتار لە ناوچە هەستیارەکان پێویستە و دەبێت پاشماوەکان بە شێوەیەکی زانستی ریسایکل بکرێن. هەماهەنگی لەگەڵ بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) و هاندانی خۆبەخشان لەم پرۆسەیەدا، ڕۆڵێکی کارای لە کەمکردنەوەی مەترسیی ئاگر دەبێت.

دابینکردنی کۆگای ئاوی پێشکەوتوو: بۆ وەڵامدانەوەی خێرا لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا، پێویستە لانیکەم پەنجا کۆگای ئاوی ستراتیجی بە توانای ١٠٠ هەزار لیتر لە لووتکە و بناری شاخەکان دروست بکرێت. پێویستە شوێن و ژمارەی ئەم کۆگایانە بە پشتبەستن بە شیکاریی مەترسییەکان (Feasibility Assessment) دیاری بکرێت و ڕێڕەوی گەیشتن پێیان ئاسان بکرێت تاوەکو تیمەکانی بەرگریی شارستانی لە کاتی پێویستدا دەستیان پێیان بگات.

قەدەغەکردنی توندی بازرگانیی دار: پێویستە فرۆشتنی دار و خەڵووزی سروشتی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بکرێت و بازاڕەکان بە توندی چاودێری بکرێن. لە بەرامبەردا، حکومەت دەبێت پاڵپشتیی کارگەکانی بەرهەمهێنانی داری دەستکرد بکات. هەر کەسێک سەرپێچی بکات، دەبێت پابەند بکرێت بە چاندنی ١٠ نەمام لە بەرامبەر هەر دارێکدا، هەروەها ڕێگری لە گواستنەوەی دار و خەڵووز بەبێ مۆڵەتی فەرمی بە تووندی جێبەجێ بکرێت.

پاراستنی خاک و سەرچاوەکانی ئاو: پێویستە بەپێی ماددەی ٨ی یاسای دارستانەکان، ڕێگری لە بەکارهێنانی زەوییە دارستانییەکان بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ بکرێت و داگیرکراوەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەندارێتیی گشتی. سنووردارکردنی پیشەسازیی چەو و لم، پێداچوونەوە بە نەخشەی شارەوانی بۆ ڕاگرتنی فراوانبوونی شار، و پابەندکردنی پڕۆژە نوێیەکان بە تەرخانکردنی ٢٥٪ی ڕووبەرەکەیان بۆ سەوزایی، بنەمایەکی سەرەکییە.

بەرنامەڕێژی بە تەکنەلۆجیای تۆوی ئاسمانی: بۆ چاندنی ناوچە سەختەکان کە تیمە مەیدانییەکان ناتوانن پێی بگەن، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تۆوی ئاسمانی (Helicopter Seeding) پێشنیار دەکرێت. ئەم کارە دەبێت بە جۆرە ڕەسەنەکانی وەک بەڕوو، مازوو، گوێز و قەزوان ئەنجام بدرێت. هەروەها جێبەجێکردنی پلانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) بۆ چاندنی ٣٨ ملیۆن درەخت لە ماوەی پێنج ساڵدا، دەبێت بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە بچێت، بەجۆرێک کە لە ساڵی یەکەمدا ١٠ ملیۆن درەخت بچێنرێت.

پەرەپێدانی بەرنامەی "پارێزەرانی دارستان": دامەزراندنی بەرنامەیەک بۆ بەشدارییپێکردنی گەنجان و گوندنشینان، بە مەبەستی چاودێریکردنی دارستانەکان و ڕاپۆرتکردنی بڕینەوەی نایاسایی. ئەم گەنجانە

دەبێت ڕاهێنانی زانستییان پێ بکرێت و پاڵپشتیی لۆجستی و داراییبیان بۆ دابین بکرێت تا بتوانن وەک پاسەوانانی ژینگە ڕۆڵ ببینن.

**ستراهمەاتیجی چوارەم: ڕاسپاردە و ستراتیجیەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی**

**پاراستنی دارستانەکان تەنیا پرسێکی یاسایی یان کارگێڕیی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کلتووری تاک و تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە، ئەم ڕێکارانە پێشنیار دەکرێن:**

چەسپاندنی پەروەردەی ژینگەیی لە پڕۆگرامی خوێندندا: وانەی ژینگە و پاراستنی دارستان دەبێت وەک بەشێکی بنەڕەتی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەرێم لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆکان جێگیر بکرێت (Gov.krd, 2025a). گرنگیی ئەمە لەوەدایە کە ژینگەپارێزی لە ڕێگەی وانەی تیۆرییەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی چالاکیی پراکتیکی وەک پڕۆژەی چاندنی درەخت و خاوێنکردنەوەی ژینگە لە زەین و ڕەفتاری خوێندکاراندا بچەسپێت. پێویستە مامۆستایان ڕاهێنانی تایبەت ببینن و زانکۆکانیش وەک ناوەندی توێژینەوە ڕۆڵی سەرەکی لە پەرەپێدانی ئەم پڕۆگرامانەدا بگێڕن.

بەکارهێنانی وتاری ئاینی و کۆمەڵایەتی: ناوەندە ئاینییەکان خاوەنی گەورەترین سەکۆی هۆشیارکردنەوەن. پێویستە وتاری ئاینی وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەرکی مرۆیی و نیشتمانیی پاراستنی سروشت بەکار بهێنرێت. پەیامی پاراستنی دارستان وەک بەخشراوێکی ژیانی، لە ڕێگەی مینبەر و میدیاکانەوە دەبێت وەک ئەرکێکی ئاینی و ئەخلاقی بە خەڵک بگەیەنرێت. ڕاهێنانی وتەبێژان بۆ ئەوەی بە زمانێکی زانستی و کاریگەر ئەم پەیامە بگەیەنن، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ڕۆڵی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: میدیا دەبێت لە گواستنەوەی هەواڵی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ چاودێرێکی ژینگەیی. پێویستە کەمپەینی بەردەوامی هۆشیاری، بەتایبەت لە وەرزی گەرمادا، لە ڕێگەی پڕۆتۆکۆڵێکی هاوبەشی میدیاییەوە ئەنجام بدرێت. میدیا دەتوانێت لە ڕێگەی ئاشکراکردنی سەرپێچییەکان و نیشاندانی زیانە ژینگەییەکان، فشارێکی کۆمەڵایەتی دروست بکات کە لە سزای یاساییش کاریگەرتر بێت.

بەهێزکردنی ڕێکخراوە ژینگەییەکان: کارکردنی ڕێکخراوەکان دەبێت لە گوتاربێژییەوە بۆ پرۆژەی مەیدانی بگۆڕێت. دەستەی پاراستنی ژینگە دەبێت ئەنجومەنی باڵای پارێزەرانی سروشت پێکبهێنێت بۆ یەکخستنی کارەکان. پێویستە ئەم ڕێکخراوانە لە ڕووی دارایی و لۆجستییەوە پاڵپشتی بکرێن و پلانی کارکردنی ساڵانەیان لەژێر چاودێریی حکومەتدا بێت، هاوکات پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون بەهێز بکرێت.

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گەشتیاری: سەیرانگا و ناوچە دارستانییەکان پێویستییان بە ڕێکاری توندی ژینگەیی هەیە. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مادده پلاستیکییەکان و پابەندکردنی خاوەن پرۆژە گەشتیارییەکان بە سیستمی ریسایکلین، بنەمایەکی سەرەکییە. دانانی ١٠٠ تابلۆی ڕێنمایی کە ژمارەی فریاگوزاریی نیشتمانی (١١٥)یان لەسەر بێت، بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا گرنگە. خاوەن پرۆژە گەشتیارییەکان دەبێت ڕاهێنانیان پێ بکرێت و لە حاڵەتی پێشێلکارییدا سزای توند بدرێن، ئەمەش وادەکات گەشتیار و خاوەنکار هەست بە بەرپرسیارێتیی ژینگەیی بکەن.

**ستراتیجی پێنجەم: هاندەریی ئابووری و جێگرەوەکانی ژیان**

**پاراستنی دارستانەکان تەنیا کاتێک سەردەکەوێت کە دانیشتووانی ناوچەکان وەک هاوبەشی سەرەکی و نەک وەک مەترسی سەیر بکرێن. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە ئابووریی دارستان لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە بەهێز بکرێت:**

دابینکردنی جێگرەوەی وزە بۆ گوندنشینان: پشتبەستن بە داری دارستان بۆ گەرمکردنەوە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڕینەوەی نایاسایی. پێویستە حکومەت بە خێرایی نەوتی سپی و غازی پێویست بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆ دانیشتووانی گوندە سنووری و شاخاوییەکان دابین بکات. پەرەپێدانی تۆڕی غازی سروشتی لە گوندەکاندا، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارەی لە وەرزی زستاندا دەکەوێتە سەر دارستانەکان.

ڕەخساندنی هەلی کار لە ڕێگەی دەستپێشخەریی سەوز: پڕۆژەکانی چاندن و پاراستنی دارستان دەبێت وەک دەرفەتێکی ئابووری بۆ گەنجانی ناوچەکە داڕێژرێن. بەتایبەت لە پڕۆژە گەورەکانی وەک چاندنی ملیۆنەها نەمام، پێویستە پێشینە بۆ ئەو گەنجانە بێت کە لە ناوچە شاخاوییەکانی پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر و هەورامان دەژین. ئەم کارە نەک تەنیا دارستانەکان دەپارێزێت، بەڵکو ڕێگر دەبێت لە کۆچی ناچاریی دانیشتووان بۆ شارەکان.

پاڵپشتیکردنی کشتوکاڵی بەردەوام: هاندانی جووتیاران بۆ چاندنی ڕووەکە دەرمانییەکان و سەوزایی بە شێوازێکی زانستی کە زیان بە ژینگەی دارستان نەگەیەنێت، دەتوانێت داهاتێکی سەقامگیر بۆ خێزانەکان دابین بکات. دابینکردنی ڕاهێنان و بازاڕ بۆ ئەم بەرهەمانە، جووتیار دەکات بە پارێزەری دارستان، نەک نەیاری.

ڕاکێشانی کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان بۆ کەشوهەوا: پێویستە دیپلۆماسییەکی چالاک بۆ بەدەستهێنانی پشکی هەرێمی کوردستان لە "سندووقی سەوزی نێودەوڵەتی بۆ کەشوهەوا" ئەنجام بدرێت. ئەم کۆمەکانە دەبێت بە شەفافییەت و بە پشتبەستن بە پڕۆژەی زانستی بۆ بوژاندنەوەی دارستانە سووتاوەکان بەکار بهێنرێن، بەتایبەت ئەو ناوچانەی بەهۆی جەنگ و ململانێوە زیانیان پێ گەیشتووە.

پەرەپێدانی نەمامگە خۆماڵییەکان: توانای بەرهەمهێنانی نەمامگەکان وەک نەمامگەی سەرچنار، دەبێت بەردەوام پەرەی پێ بدرێت. جەختکردنەوە لەسەر بەرهەمهێنانی جۆرە ڕەسەنەکانی وەک بەڕوو و سنەوبەر، دڵنیایی دەدات کە نەمامی پێویست بۆ پڕۆژە نیشتمانییەکان بەردەست بێت و کێشەی نەبوونی نەمامی گونجاو نەمێنێت.

گەشتیاریی ژینگەدۆست :(Ecotourism) گەشتیاری لە دارستانەکاندا دەبێت بە ڕێنماییی توند و پارێزراو بەڕێوە بچێت. خاوەن پڕۆژە گەشتیارییەکان دەبێت بەرامبەر بەو داهاتەی لە سروشتەوە دەستەبەری دەکەن، پابەند بن بە خەرجکردنی بەشێکی بۆ پاراستنی دارستانەکان و دامەزراندنی سیستمی ریسایکلین. ئەمە گەشتیاری دەکات بە بزوێنەرێکی ئابووری بۆ پاراستنی ژینگە، نەک هۆکارێک بۆ وێرانکردنی.

بەشدارییپێکردنی هاوڵاتییان و خۆبەخشان: هاندانی هاوڵاتییان بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی دارستانەکاندا، بەتایبەت لە ڕێگەی بەرنامەی "پارێزەرانی دارستان"، دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە هەست بە خاوەندارێتیی ئەم سامانە بکات. ڕاهێنانکردن بە خۆبەخشان و تەرخانکردنی پاڵپشتیی لۆجستی بۆیان، کلتوورێکی نوێی ژینگەپارێزی لە هەرێمدا دەچێنێت.

**ستراتیجی شەشەم: بەکارهێنانی توانای ژنان لە پاراستنی دارستانەکاندا**

**ژنان لە کۆمەڵگە گوندنشینەکانی پارێزگای سلێمانی، بەتایبەت لە ناوچەکانی هەورامان، شارباژێڕ و پێنجوێن، خاوەن ئەزموونێکی مێژوویی و ڕۆڵێکی بنەڕەتین لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان. بۆ ئەوەی ئەم توانستە لە ئاستێکی ستراتیجیدا بەکار بهێنرێت، پێشنیار دەکرێت ئەم ڕێکارانە جێبەجێ بکرێن:**

بەشداریکردنی چالاکانە لە پڕۆژەکانی بوژاندنەوە: پێویستە ژنان وەک ڕێنیشاندەری مەیدانی لە هەڵمەتەکانی نەمامچاندندا بەشدار بن. ئەزموونی ئەوان لە ناسینی جۆرە ڕەسەنەکانی بەڕوو و تایبەتمەندیی خاک لە ناوچە جیاوازەکاندا، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری پڕۆژەکان. دەبێت ئامانجی ستراتیجی ئەوە بێت کە لانی کەم ٤٠٪ی بەشداربووانی ئەم بەرنامانە ژنان بن، لەگەڵ دابینکردنی ڕاهێنانی زانستی بۆ ئەوان تا بە تەکنیکەکانی پاراستنی نەمام ئاشنا بن.

پەرەپێدانی ئابووریی ژینگەدۆست: هاندانی ژنان بۆ پڕۆژەی بچووکی داهاتی خێزانی، وەک دامەزراندنی "نەمامگەی ماڵی" یان کۆکردنەوە و پاراستنی تۆوی درەختە ڕەسەنەکان، دەبێتە سەرچاوەی داهات و هۆکارێک بۆ دوورخستنەوەیان لە بڕینەوەی دار. ئەم پڕۆژانە دەبێت بە دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان پەرەیان پێ بدرێت.

هۆشیاریی ژینگەیی لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆماڵی: کەمپەینەکانی هۆشیاری دەبێت لەسەر بنەمای ئەزموونە مێژوویی و کولتوورییەکانی ژنان دابڕێژرێن. ژنانی هەورامان بە نەریت پارێزەری دارە کۆنەکان بوون،

ئەمە دەبێت بە زانستی بکرێت و وەک ڕێگەیەک بۆ ڕێگریکردن لە ئاگرکەوتنەوە بەکار بهێنرێت. لەم سۆنگەیەوە، بەکارهێنانی وتەبێژی ئاینیی ژن و ڕابەرانی کۆمەڵگە، کاریگەرییەکی قوڵتر لەسەر گۆڕانی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دادەنێت.

بەشداری لە بڕیارداندا: ژنان دەبێت لە قۆناغەکانی پلاندانانی ستراتیجیدا دەنگیان هەبێت. بوونی نوێنەری ژنان لە کۆمیتە گوندنشینەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی دارستانەکان، دڵنیایی دەدات کە ستراتیجییەکان ڕەنگدانەوەی پێویستیی ڕاستەقینەی خێزانەکان بن. دەبێت ڕێژەی بەشداریی ژنان لە کۆمیتەکانی پلاندانانداندا نەبێتە ژێر ٣٠٪.

تۆمارکردنی داتای ئەزموونی: بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان پێویستی بە داتای ورد هەیە. شیکاریی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆژەکانی نەمامگەکان، وەک ئەوەی لە نەمامگەی سەرچنار دەبینرێت، دەبێت وەک بنەمایەک بۆ پێوانەکردنی سەرکەوتنی بەرنامەکان و پەرەپێدانی پرۆژەی داهاتوو بەکار بهێنرێت.

هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکان: کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ژنانەکان بۆ دابینکردنی وزەی خاوێن وەک ئامێری وزەی خۆری بۆ گوندنشینان، ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە بڕینەوەی دار. ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ژنانی ناوچە سنوورییەکان و گەیاندنی پەیامی ژینگەپارێزی بەکار بهێنرێن.

پشتیوانیکردنی ژنانی پێشەنگ: ناساندنی ئەو ژنە جووتیار و ژینگەپارێزانەی لە ناوچەکانی پشدەر و پێنجوێن نموونەی سەرکەوتوویان تۆمار کردووە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کلتوورێکی نوێی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی دارستانەکان و بەکارهێنانی توانای کۆمەڵگە بە تەواوی.

**ستراتیجی حەوتەم: بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت لە پاراستن و بوژاندنەوەی دارستانەکاندا**

**کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا خاوەنی سەرچاوەی دارایی و تەکنیکییە کە دەتوانێت ببێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ پرۆژە ژینگەییەکان. بۆ ئەوەی ئەم کەرتە لە ڕێڕەوی قازانجەوە بەرەو بەرپرسیارێتیی ژینگەیی ئاڕاستە بکرێت، پێویستە ئەم ڕێکارانە جێبەجێ بکرێن:**

پەیڕەوکردنی هاوبەشیی گشتی-تایبەت :(PPP) حکومەت دەبێت پرۆژەکانی دارستانکردن وەک دەرفەتی هاوبەشی بۆ کەرتی تایبەت پێناسە بکات. کۆمپانیاکان دەتوانن لە ڕێگەی تەرخانکردنی بودجەی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی (CSR) بەشداری لە پرۆژەکانی چاندن و پاراستنی دارستانەکاندا بکەن. ئەم هاوبەشییە تەنیا پابەندبوونی دارایی نییە، بەڵکو دەکرێت لە ڕووی تەکنیکی و ئەزموونی بەڕێوەبردنیشەوە دارستانەکان بەهێزتر بکات.

هاندانی دارایی و ئاسانکارییەکان: پێویستە حکومەت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی باج یان پێشکەشکردنی ئاسانکاریی وەبەرهێنانەوە، هانی کۆمپانیاکان بدات کە ژینگەپارێزی بکەن بە بەشێک لە کارەکانیان. دامەزراندنی سیستەمی "باجی سەوز" دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا پیسکەرەکان سزا بدرێن و کۆمپانیا ژینگەدۆستەکان لە ڕێگەی پاداشتی دارایی و ئاسانکارییەوە ڕیز لێ بگیرێن.

پاداشتی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان :(PES) پێویستە سیستەمێک دابمەزرێت کە کۆمپانیاکان بەرامبەر بەو خزمەتگوزارییانەی دارستانەکان پێشکەشیان دەکەن (وەک پاککردنەوەی هەوا و پاراستنی ئاو)، قەرەبوو پێشکەش بکەن. ئەمە دەتوانێت لە شێوەی قەرەبووی کاربۆن پرینت یان تەرخانکردنی خەرجی بۆ پاراستنی حەوزی ئاوەکان بێت، کە لە کۆتاییدا سوودەکەی بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە.

گەشتیاریی ژینگەدۆست و بەرپرسیارێتیی کۆمپانیاکان: پەرەپێدانی گەشتیاری لە ناوچە دارستانییەکاندا دەبێت بە پابەندبوونی تەواوەتی بە مەرجە ژینگەییەکانەوە بێت. کۆمپانیا گەشتیارییەکان دەبێت بەرامبەر بەو داهاتەی لە سروشتەوە بەدەستی دەهێنن، بەشێک لە بودجەکەیان بۆ پاراستنی ئەو دارستانانە تەرخان بکەن، لەگەڵ پابەندبوونیان بە سیستەمی ڕیسایکلین و پاراستنی پاکوخاوێنیی ناوچە گەشتیارییەکان.

پەرەپێدانی پیشەسازیی ژینگەدۆست: هاندانی کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بە جۆرێک بێت کە کەمترین فشار بخاتە سەر دارستانەکان، ئەرکێکی گرنگە. ئەمە لە ڕێگەی پەرەپێدانی ماددەی بیناسازیی جێگرەوە، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ڕیسایکلینی دار و پەرەپێدانی سووتەمەنیی پاکەوە دەبێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕینەوەی دار بۆ مەبەستی پیشەسازی.

چاودێری و شەفافیەت: چاودێریی کارەکانی کەرتی تایبەت دەبێت بەردەوام و ورد بێت. نابێت تەنیا بە مۆڵەتپێدان کۆتایی بێت، بەڵکو پشکنینی مەیدانی بۆ پابەندبوونیان بە مەرجە ژینگەییەکان پێویستە. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر چالاکییە ژینگەییەکانی کەرتی تایبەت، دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێیەکی ئەرێنی لەنێوان کۆمپانیاکاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە پارێزگاری لە دارستانەکان بکەن.

**پلانی جێبەجێکردن و کاتە دیاریکراوەکان**

| ڕاسپاردە | لایەنی بەرپرس | کاتی جێبەجێکردن | پێوانەکانی سەرکەوتن (KPIs) | بودجەی پێویست خەملێنراو | هاوبەشە سەرەکییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراندنی دادگای ژینگە | پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری | ٦ مانگ | دامەزراندنی دادگا، دەستپێکردنی کار، پەسەندکردنی یاسای پێویست | ٢ ملیار دینار | دەزگای داواکاری گشتی، ڕێکخراوە کۆمەڵگەییەکان |
| پێداچوونەوە بە یاسای ژمارە ١٠ | پەرلەمان، دەستەی ژینگە | ٣ مانگ | پەسەندکردنی یاسای نوێ، زیادکردنی سزاکان، ڕوونکردنەوەی مادده کاڵەکان | ٥٠٠ ملیۆن دینار | توێژەرانی یاسایی، پسپۆڕانی ژینگە |
| یەکخستنی دەسەڵاتەکان | دەستەی ژینگە، وەزارەتی کشتوکاڵ | ٣ مانگ | یەکخستنی دۆسیەکان، دامەزراندنی پێکهاتەی یەکگرتوو | - | هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان |
| بەهێزکردنی پۆلیسی ژینگە | وەزارەتی ناوخۆ، دەستەی ژینگە | ٦ مانگ | زیادکردنی ژمارە و ئامێرەکان، دامەزراندنی چاودێری شەوانە | ١٠ ملیار دینار | بەرگریی شارستانی، پۆلیسی دارستان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دروستکردنی ئاگر بڕ | وەزارەتی کشتوکاڵ، شارەوانی | ٣ مانگ (پێش هاوین( | دروستکردنی ١٠٠ کم هێڵی پاراستن، کەمکردنەوەی ڕووداوەکان | ٥ ملیار دینار | بەرگریی شارستانی، ڕێکخراوە ژینگەییەکان |
| دەستپێکردنی هەڵمەتی نەمامچاندن | وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕێکخراوەکان | دەستبەجێ (بەردەوام( | چاندنی ١٠ ملیۆن درەخت تا ٢٠٣٠، زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی | ١٠ ملیار دینار/ساڵ | WFP,ڕێکخراوە ژینگەییەکان، خۆبەخشان |
| دابینکردنی جێگرەوەی وزە | وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | ١٢ مانگ | دابینکردنی بۆ ١٠,٠٠٠ خێزان، کەمکردنەوەی بڕینەوە | ٢٠ ملیار دینار | وەزارەتی کارەبا، کۆمپانیاکانی نەوت |
| پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی | وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا | ٦ مانگ | دانانی وانەی ژینگە لە هەموو پۆلەکان، ڕاهێنانی مامۆستایان | ١ ملیار دینار | زانکۆ سلێمانی، ڕێکخراوە کۆمەڵگەییەکان |
| دامەزراندنی بانکی تۆو | وەزارەتی کشتوکاڵ، زانکۆکان | ١٢ مانگ | کۆکردنەوەی تۆوی ١٠٠ جۆر، دەستپێکردنی بەرهەمهێنان | ٢ ملیار دینار | زانکۆ سلێمانی، WFP |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاکێشانی کۆمەکە نێودەوڵەتییەکان | دەستەی ژینگە، پەیوەندییەکانی دەرەوە | بەردەوام | بەدەستهێنانی ١٠٠ ملیۆن $/ساڵ | - | وەزارەتی دەرەوە، WFP, UNDP |
| زیادکردنی توانای شوێنی سەرچینار | وەزارەتی کشتوکاڵ | ١٨ مانگ | گەیشتن بە ٣ ملیۆن نەمام/ساڵ | ٣ ملیار دینار | WFP, شارەوانی سلێمانی |
| دامەزراندنی سیستمی چاودێریی پێشکەوتوو | دەستەی ژینگە، وەزارەتی پلاندانان | ١٢ مانگ | دامەزراندنی ناوەندی چاودێری، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای GIS | ٢ ملیار دینار | زانکۆکان، کۆمپانیاکانی تەکنەلۆجیا |
| بەرنامەی پارێزەرانی دارستان | دەستەی ژینگە، ڕێکخراوەکان | ٦ مانگ | بەشدارکردنی ١,٠٠٠ گەنج، دامەزراندنی تیمەکان | ١ ملیار دینار | گەنجان، شارەوانییەکان |

**٧. پێوەرەکانی سەرکەوتن و خشتەی کاتی**

**بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێت لە سەرکەوتنی جێبەجێکردنی ئەم پلانە، پێویستە پابەند بین بەم خشتەیەی خوارەوە:**

**قۆناغی یەکەم: یاسا و ڕێکخستن (٦ مانگ)**

-چالاکی: هەمواركردنی یاسای دارستانەکان و دامەزراندنی دادگای ژینگە.

-پێوەری سەرکەوتن: پەسەندکردنی یاسای نوێ و دەستپێکردنی کاری دادگا.

**قۆناغی دووەم: تەکنەلۆجیا و چاودێری (١٢ مانگ)**

-چالاکی: دامەزراندنی ناوەندی چاودێریی ناوەندی و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

-پێوەری سەرکەوتن: کەمکردنەوەی کاتی وەڵامدانەوە بۆ ئاگرکەوتنەوەکان بە ڕێژەی ٣٠٪.

**قۆناغی سێیەم: بوژاندنەوە و سەوزکردن (٣ بۆ ٥ ساڵ)**

-چالاکی: هەڵمەتی نیشتمانیی چاندنی درەختی ڕەسەن.

-پێوەری سەرکەوتن: چاندنی ١٠ ملیۆن نەمام لە ساڵی یەکەمدا و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی نەخشەی زانستی.

**قۆناغی چوارەم: هەڵسەنگاندنی بەردەوام**

-چالاکی: بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی دۆخی دارستانەکان.

-پێوەری سەرکەوتن: کەمکردنەوەی ڕووبەری دارستانە سووتاوەکان بە ٤٠٪ لە ماوەی سێ ساڵدا.

**ئەنجامگیری و ئاراستەی داهاتوو**

پاراستنی دارستانەکانی سلێمانی چیتر بابەتێکی کاتی نییە، بەڵکو پێویستییەکی نیشتمانییە. ئەو ئامارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، وەک لەدەستدانی ٥٠٪ی دارستانەکان لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، ئاگادارکەرەوەیەکی ترسناکە. ئەگەر سیاسەتی ئێستا نەگۆڕین، ئەم سامانە بەردەوام لە پاشەکشەدا دەبێت.

پێشنیارەکان لەم نەخشەڕێگایەدا لەسەر بنەمای بەهێزکردنی سەروەریی یاسا، پشت بەستن بە تەکنەلۆجیا، و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی جۆرە ڕەسەنەکانی ناوچەکە داڕێژراون. سەرکەوتنی ئەم نەخشەڕێگایە بەندە بە پابەندبوونی سیاسیی حکومەت، دابینکردنی بودجەی تایبەت و هەماهەنگیی دامەزراوەیی. دارستانەکان تەنیا دیمەنێکی جوان نین، بەڵکو بڕبڕەی پشتی ئابووری و ژیانی خەڵکی

کوردستانن. هەر هەنگاوێک کە ئەمڕۆ بۆ پاراستنیان دەیهاوێژین، وەبەرهێنانێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئاسایش و سەلامەتیی نەوەکانی داهاتوومان.

**٣ .کاتە دیاریکراوەکانی ڕاپۆرتکردن:**

| **جۆری ڕاپۆرت** | **لایەنی بەرپرس** | **کات** | **وەرگر** |
|---|---|---|---|
| ڕاپۆرتی ڕۆژانە | ناوەندی چاودێری | هەموو ڕۆژێک | دەستەی ژینگە، بەرگری شارستانی |
| ڕاپۆرتی هەفتانە | بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان | هەموو هەفتەیەک | دەستەی ژینگە |
| ڕاپۆرتی مانگانە | دەستەی ژینگە | هەموو مانگێک | حکومەتی هەرێم |
| ڕاپۆرتی ساڵانە | دەستەی ژینگە | هەموو ساڵێک | حکومەت، پەرلەمان، ڕای گشتی |

٤ .پێوەرەکانی سەرکەوتن - (KPIs) وردکراوە:

| ڕاسپاردە | پێوەری سەرکەوتن | ئامانجی ساڵی یەکەم | ئامانجی ساڵی سێیەم | ئامانجی ساڵی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|
| دامەزراندنی دادگای ژینگە | دامەزراندنی دادگا | دادگا دابمەزرێت | ٥٠ سکاڵا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت | ١٠٠ سکاڵا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت |
| بەهێزکردنی پۆلیسی ژینگە | زیادکردنی ژمارە و ئامێرەکان | ١٠٠ ئەفسەر زیاد بکرێت | ٣٠٠ ئەفسەر زیاد بکرێت | ٥٠٠ ئەفسەر زیاد بکرێت |
| دروستکردنی ئاگر بڕ | دروستکردنی هێڵی پاراستن | ٣٠ کم | ٦٠ کم | ١٠٠ کم |
| چاندنی نەمام | ڕێژەی چاندن | ١٠ ملیۆن | ٢٠ ملیۆن | ٣٨ ملیۆن |
| کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی ئاگر | کەمکردنەوەی ڕێژە | ١٠٪ | ٣٠٪ | ٥٠٪ |
| کەمکردنەوەی بڕینەوەی نایاسایی | کەمکردنەوەی ڕێژە | ١٥٪ | ٤٠٪ | ٦٠٪ |
| زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی | زیادکردنی ڕێژە | ١٥٪ <-١٦٪ | ١٥٪ <-١٨٪ | ١٥٪ <-٢٠٪ |

شێوازی پێوانەکردن: ڕێژە و ئامانجەکانی ئەم خشتەیە بە بەراورد بە داتای بنەڕەتی (بنچینە) پێوانە دەکرێن؛ ئەم بنچینەیەش لە ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگاکەدا، بە پشتبەستن بە تۆمارە فەرمییەکان، داتای مانگەدەستکرد، نەخشەسازیی زانیاریی جوگرافی (GIS) و داتای فەرمانگەی دارستان دیاری دەکرێت. پاش دامەزراندنی داتای بنەڕەتی، ئامانجەکان بە شێوەی ساڵانە هەڵدەسەنگێندرێنەوە و ڕاپۆرتی پێشکەوتنەکان بە بەراورد بەو بنچینەیە پێشکەش دەکرێت.

**٥ .میکانیزمی ڕاپۆرتکردن و شەفافییەتی کارگێڕیی**

بۆ دڵنیابوون لەوەی نەخشەڕێگاکە لە قۆناغی پلاندانانەوە دەپەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی مەیدانی، پێویستە سیستەمێکی ڕاپۆرتکردنی پشتبەستوو بە شەفافییەت و بەرپرسیارێتی دابمەزرێت. ئەم مێکانیزمە لە سێ ئاستی سەرەکیدا دەبێت:

ڕاپۆرتکردنی ناوخۆیی و بەدواداچوونی کارگێڕیی: سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی مانگانە بۆ دەستەی پاراستن و چاکسازیی ژینگە. ئەم ڕاپۆرتانە دەبێت بە شێوەیەکی پیشەییانە ئامادە بکرێن و سەرجەم وردەکارییەکانی پەیوەست بە پێشکەوتنی کارەکان، خەرجییە داراییەکان، ئاستەنگە مەیدانییەکان و پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی ئاستی جێبەجێکردن لەخۆ بگرێت. ئامانجی ئەم ڕاپۆرتانە ئەوەیە کە دەستەی ژینگە وەک ناوەندێکی ڕێکخەر، بەردەوام ئاگاداری ڕەوتی جێبەجێکردن بێت.

ڕاپۆرتکردنی دەرەکی و بەرپرسیارێتیی سیاسی: دەستەی ژینگە ئەرکدار دەکرێت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی گشتی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانی کوردستان و ڕای گشتی. ئەم ڕاپۆرتە دەبێت وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی بەکار بهێنرێت و تێیدا ڕوونی بکرێتەوە کە ئایا بەرنامەکان گەیشتوونەتە ئامانجەکانیان یان نا. هەروەها دەبێت پێشنیارە زانستییەکان بۆ ساڵی داهاتوو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی ساڵی پێشوو دابڕێژرێن.

ڕاپۆرتکردنی گشتی و بەشداریکردنی هاوڵاتییان: پاراستنی ژینگە بەبێ بەشداریی خەڵک سەرکەوتوو نابێت. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە ڕاپۆرتەکان بە شێوەیەکی شەفاف لە ڕێگەی ماڵپەڕی فەرمی، کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو بکرێنەوە. بڵاوکردنەوەی پوختەی ڕاپۆرتەکان بۆ ڕای گشتی، نەک تەنیا دڵنیایی لە شەفافییەت دەدات، بەڵکو هاوڵاتییانیش هان دەدات کە خۆیان وەک چاودێر و پارێزەری ژینگە ببینن.

بە جێبەجێکردنی ئەم مێکانیزمە، حکومەت نیشانی دەدات کە پابەندە بە ڕێکارە زانستییەکان و هەر سەرکەوتن یان کەمتەرخەمییەک لە پاراستنی دارستانەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەمەش بەهای بەرپرسیارێتی لە ناو دامەزراوەکاندا بەرز دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی نەخشەڕێگاکە لە قەیرانی پەککەوتنی جێبەجێکردن بەدوور بێت، پێویستە میکانیزمێکی هەڵسەنگاندنی دەرەکی و سەربەخۆ دابمەزرێت. ئەزموونی گشتیی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا نیشانیداوە کە چاودێریی ناوخۆیی زۆرجار بەهۆی پەیوەندییە کارگێڕییەکانەوە ڕەنگە ڕووکەشی بێت؛ بۆیە ئەم ڕێکارانە بۆ دڵنیابوون لە شەفافییەت پێویستن:

هەڵسەنگاندنی دوو ساڵانە: بە مەبەستی پێداچوونەوە بە کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی ئەم پلانە، پێویستە هەر دوو ساڵ جارێک هەڵسەنگاندنێکی زانستی لەلایەن پسپۆڕانی بێلایەن، زانکۆکان یان ناوەندە توێژینەوەیییە سەربەخۆکانەوە ئەنجام بدرێت. ئامانجی سەرەکی لەم پرۆسەیە، دیاریکردنی جیاوازیی نێوان ئامانجەکان و ئەنجامە مەیدانییەکانە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو کەلێنانەی کە لە قۆناغەکانی جێبەجێکردندا دەرکەوتوون.

شەفافییەت لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان: ڕاپۆرتی ئەم هەڵسەنگاندنە سەربەخۆیە نابێت لە دەرگای داخراوی دامەزراوەکاندا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی گشتی بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە. ئەمە نەک تەنیا دڵنیایی لە جێبەجێکردنی دروستی پلانەکە دەدات، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ بەرپرسیارێتیی دامەزراوەیی کار دەکات. کاتێک دامەزراوەکان بزانن ئەدایان لەلایەن ناوەندە سەربەخۆکان و ڕای گشتییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، هەوڵ بۆ باشترکردنی ئاستی کارەکانیان دەدەن.

پێشنیارەکان بۆ چاکسازی: هەڵسەنگاندنە سەربەخۆکان دەبێت ببێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ هەموارکردنەوەی پلانی ستراتیجی. هەر کاتێک دەرکەوت کە ڕێکارێک یان سیاسەتێک لە ڕووی مەیدانییەوە سەرکەوتوو نەبووە، دەبێت ئەم تیمە پسپۆڕانە ڕاسپاردەی گۆڕانکاریی پێشکەش بکەن. ئەمە واتای ئەوەیە

که نەخشەڕێگاکە بەردەوام لە گەشەکردندایە و لەگەڵ گۆڕانکارییە ژینگەیی و کارگێڕییەکاندا خۆی دەگونجێنێت.

**٨ .پێشنیارەکان بۆ توێژینەوەی زانستیی داهاتوو**

پاراستنی دارستانەکان تەنیا پرسێکی ئیداری نییە، بەڵکو پێویستی بە بناغەیەکی زانستیی بەهێز هەیە. بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنی داتا و وردکردنەوەی زانیارییەکان بۆ پلاندانانی داهاتوو، ئەم ئاڕاستە توێژینەوەییانە پێشنیار دەکرێن:

یەکەم، مۆدێلەکانی گۆڕانی کەشوهەوا: پێویستە توێژینەوەی ورد لەسەر کاریگەریی وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەسەر جۆرە درەختەکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجام بدرێت. دروستکردنی مۆدێلی پێشبینیکردن بۆ مەترسییەکانی داهاتوو، یارمەتیی بڕیاربەدەستان دەدات کە پێشوەختە پلان بۆ ناوچە هەرە هەستیارەکان دابنێن.

دووەم، هەڵسەنگاندنی ئابووریی دارستانەکان: پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ خەمڵاندنی بەهای ئابووریی دارستانەکان لە ڕووی خزمەتگوزارییە ژینگەییەکان (وەک کۆکردنەوەی کاربۆن، پاراستنی ئاو و گەشتیاری) ئەنجام بدرێت. ئەم بەها ئابوورییە دەبێت بە داتا بگۆڕدرێت تا بتوانین وەک بەڵگەی بەهێز بۆ بەردەستخستنی بودجە بەکاری بهێنین.

سێیەم، شیکاریی یاسایی: توێژینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ دیاریکردنی کەلێنەکانی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن شارەزایانی یاسایی و ژینگەییەوە ئەنجام بدرێت، تاوەکو پێشنیار بۆ چاکسازیی ڕیشەیی لە دەقە یاساییەکاندا بکرێت.

چوارەم، لێکۆڵینەوە لە هۆکارە سەربازییەکان: پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی بۆ پێوانەکردنی زیانەکانی هۆکارە سەربازییەکان لەسەر دارستانەکان بکرێت. ئەم توێژینەوەیە دەبێت ڕێکاری دیپلۆماسی و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانە بخاتە ڕوو.

پێنجەم، جۆرە ڕەسەن و ئێندیمییەکان: توێژینەوەی زیاتر بۆ ناسینەوەی نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیی جۆرە ڕەسەنەکان وەک (Quercus infectoria) پێویستە، تا پلانی تایبەت بۆ پاراستنیان لە ناوچە پارێزراوەکاندا جێبەجێ بکرێت.

شەشەم، کاریگەریی پرۆژەکانی بوژاندنەوە: پێویستە هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ پرۆژەکانی چاندنی دارستان بکرێت، تا بزانرێت کام شێواز لە چاندنەوە کاریگەریی زیاتری لەسەر کەمکردنەوەی گازی کاربۆن و بوژاندنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە.

حەوتەم، بەهای دەرمانسازی: توێژینەوە لەسەر بەهای دەرمانسازیی ڕووەکە ڕەسەنەکان دەتوانێت دەروازەیەکی نوێ بۆ پیشەسازیی دەرمانی خۆماڵی و بەهێزکردنی ئابووریی گوندنشینان بکاتەوە.

هەشتەم، کاریگەریی تەندروستی: توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئاگرکەوتنەوەکان و تەندروستیی گشتی؛ بەتایبەت کاریگەریی دووکەڵ و پاشماوەی سووتانی دارستانەکان لەسەر نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و دڵ، دەبێت بکرێتە بەشێک لە سیاسەتی تەندروستیی گشتی.

**کۆتایی**

دارستانەکانی پارێزگای سلێمانی، وەک سەنتەری ژینگەیی و سامانی سروشتیی هەرێم، لەبەردەم هەڕەشەیەکی مێژوویيدان. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە نیو سەدەی ڕابردوودا نزیکەی نیوەی دارستانەکانی هەرێم لەدەستچوون و ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٢٥، کە تێیدا زیاتر لە ٥٤ هەزار دۆنم زەوی سووتا، دەرخەری قووڵیی قەیرانەکەن. سەرەڕای بوونی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢، بەڵام کەلێنی جێبەجێکردن و نەبوونی بودجەیەکی ساڵانەی دیاریکراو، ڕێگر بوون لە پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییە.

ئەم نەخشەڕێگایە چەند ستراتیجییەکی بنەڕەتی دەخاتە ڕوو؛ لەوانە چاکسازیی یاسایی و دادوەری، بەهێزکردنی دامەزراوەیی، پشتیوانیی تەکنیکیی مەیدانی، پەروەردەی ژینگەیی، و دابینکردنی جێگرەوەی ئابووری بۆ گوندنشینان. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجییانە پێویستی بە پابەندبوونی سیاسی، تەرخانکردنی بودجەی تایبەت، هەماهەنگیی دامەزراوەیی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ هەیە. پاراستنی دارستان ئەرکێکی ئیداریی تەنیا نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و نیشتمانییە؛ بۆیە هەنگاونان لەم کاتەدا تاکە ڕێگەیە بۆ مسۆگەرکردنی ئەم سامانە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

پێوەرەکانی سەرکەوتنی نەخشەڕێگا

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی ئەم نەخشەڕێگایە، ئەم پێوەرانە وەک ئاستی پێوانەیی (Benchmarks)بەکاردەهێنرێن:

داتا و شەفافیەت: بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی دۆخی دارستانەکان، نەخشەی مەترسی و پێشکەوتنی پێوەرەکانی سەرکەوتن (KPIs) بە شێوەیەکی شەفاف.

بوژاندنەوەی دارستان: پێوانەکردنی ڕووبەری هێکتاری بوژێنراو و ڕێژەی مانەوەی نەمامەکان دوای یەک، سێ و پێنج ساڵ لە چاندن.

جێبەجێکردنی یاسا: پێوانەکردنی ژمارەی دۆسییە یاساییەکان، ڕێژەی یەکلاییکردنەوەیان و کەمکردنەوەی ڕێژەی سەرپێچییە دووبارەکان.

کاتی وەڵامدانەوە بە ئاگر: پێوانەکردنی ناوەندی کاتی وەڵامدانەوە بۆ ڕووداوەکان و ئامانجی کەمکردنەوەی ئەم کاتە بە پشتبەستن بە داتای بنەڕەت.

کەمکردنەوەی ڕووبەری سووتاو: خستنەڕووی ڕێڕەوی ساڵانەی ڕووبەری سووتاو وەک ئامانجێکی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی بەردەوام لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا بە بەراورد لەگەڵ بنەمای ساڵی یەکەم.

**سەرچاوەکان**


64media. (2024, 28 December). 37 arrested for illegal tree felling in Sulaymaniyah. 964media.

Channel8. (2024, 6 October). Sulaymaniyah leads Kurdistan Region and Iraq in green space development. Channel8.

Channel8. (2026, 13 May). Kurdistan faces forest fire risks amid budget shortfalls. Channel8.

FAOLEX. (2012). Forestry Law No. 10 of 2012 of Iraqi Kurdistan region. Food and Agriculture Organization of the United Nations.

Gov.krd. (2025a). KRG advances environmental protection and sustainability efforts. Kurdistan Regional Government.

Gov.krd. (2025b). KRG takes major steps to protect Kurdistan's environment. Kurdistan Regional Government.

Gov.krd. (2025c). Green belt project in Erbil. Kurdistan Regional Government.

Kurdistan24. (2025, 10 August). Massive forest fire ravages 247 acres in Sharbazher, Sulaimani. Kurdistan24.

NRT TV. (2025, 24 August). Halabja Agriculture: 5,000 Dunams of Natural Forests Destroyed in Massive Fire. NRT TV.

Rasul, A., & Zahir, I. S. (2025). Assessing Trends and Drivers of Burned Areas in Forest Areas in Kurdistan Region. Preprints.org, Version 1. https://doi.org/10.20944/preprints202512.0271.v1.

Rudaw English. (2024, 23 June). Kurdistan's forests threatened by fewer trees, woodlands. Rudaw.

Rudaw English. (2024, 18 August). Three arrested for Sulaimani’s Mount Goizha fire. Rudaw.

Rudaw English. (2024, 13 December). 150 people arrested for cutting down trees in two months. Rudaw.

Rudaw English. (2025a, 7 February). 63,000 trees illegally felled in Kurdistan Region last year. Rudaw.

Rudaw English. (2025b, 31 July). Kurdistan Region sees five percent rise in greenery. Rudaw.

Rudaw English. (2025c, 20 August). Kurdistan Region's forests nearly halved by fires over 60 years. Rudaw.

Rudaw English. (2025d, 23 August). Report suggests 5,000 dunams of forests destroyed in Halabja wildfire. Rudaw.

Shafaq News. (2025a, 5 November). Al-Sulaymaniyah exceeds international 20% green space benchmark. Shafaq News.

Shafaq News. (2025b, 20 November). Kurdistan's al-Sulaymaniyah fire incidents hit record low. Shafaq News.

Shafaq News. (2026, 18 July). Rocket strike ignites forest fire in Al-Sulaymaniyah. Shafaq News.

Shafaq News. (2026, 22 July). Fire destroys 20 hectares of woodland near Al-Sulaymaniyah. Shafaq News.

The New Arab. (2024, 5 October). Pine to pomegranate: Saving Iraq Kurdistan’s vanishing forests. The New Arab.

Twejer Journal. (2024, 13 October). Criminal Protection of Forests in the Legislation of the Kurdistan Region – Iraq (Analytical Study). Twejer Journal, 7(3), 112–135.

World Bank. (2022). Economic Valuation of Ecosystem Services in Emerging Economies. World Bank Group.

Xelk.org. (2026, 22 July). Reason for the Goizha Mountain fire revealed. Xelk.

**دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی(VFSS) ، ناوەندێکی سەربەخۆی توێژینەوە و داڕشتنی سیاسەتە. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی بەڵگەدار و شیکاریی ستراتیژییە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.